# نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی
# هەلسەنگاندنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات
# بەتایبەتی هەڵبژاردنی عێراقی
# 30 کانوونی دووەم 2005

( ڕاپۆرتی کۆتایی )

ئاب 2005

**نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی**

**هەلسەنگاندنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاٌت بەتایبەتی هەڵبژاردنی عێراقی**

**30 كانوونی دووەم 2005**

## لیستەی ناوەڕۆك


كورتەباسی كارگێری ............................................................1

بەشی یەكەم : هەلسەنگاندنی گشتی ........................................3

بەشی دووەم : چاودێری گۆرەپان ............................................7

1. سەیركردنێكی گشتی.......................................................7

2. تێبینی گشتی ................................................................9

3. كرداری تۆماركردن (8 نیشانە )...........................................11

4. پێشاندانی لیستی دەنگدەران ( 4 نیشانە )..............................13

5. كرداری دەنگدان ( 16 نیشانە)............................................15

6. كرداری ژماردن ( 13 نیشانە )............................................19

7. كۆتایی .........................................................................21

پاشكۆی ژمارە 1 – لیستەی بنكەكانی دەنگدان لە هەر شار و وولاٌتیك ........23

پاشكۆی ژمارە 2 – دەرخستن ......................................................25

پاشكۆی ژمارە 3 – ڕاسپاردەكانی چاودێرەكان ..................................30

## کورتەباسی کارگێری :

هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی کرا لە دەرەوەی وولات لە 30 کانوونی دووەم 2005 لە لایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن بەبریاری لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق , ئەم بەرنامەیە دامەزرا لە 36 شار لە 14 وولات . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەوڵی دا کە ببێتە چاودێری کەری کرداری هەڵبژاردن لە دەرەوەی وولات لەبەر ئەمەش نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە دامەزراندنی چاودێری لە 13 وولات لەکۆی 14 وولات ( هەموو ولاتەکان جگەلە هۆڵەندا ) ئەوانیش هەستان بە تەواوکردنی راپۆرتی چاودێری کە لە چوار هەنگاوی سەرەکی بوو :
تۆمارکردن و پێشاندانی لیشتەکان و هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی لاپەڕەکانی دەنگدان و ژماردنی.

بەشی یەکەم لەهەڵسەنگاندن ئەکات لە لایەن کۆمەڵێك لە سەرچاوەکانی زانیاری یەوە :

راپۆرتی چاودێری یەکان و هەنگاوەکانی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەکەل وپەل و چاپکراوەکانی کەتایبەت بە رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن و لەبەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات و لەکۆپی یەکانی راپۆرتەکان بەتایبەت بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات کە لە لایەن حکومەتی یابان و کۆنگرەی پەرلەمانەکان داندراوە لەگەڵ سێ راپۆرتی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن لەسەر تۆمارکردن و دەنگدان و بەش کردن و ژماردنی دەنگەکان .

و بەشی دووەم لەم هەڵسەنگاندنە شیکاری یەکمان پێس کەش دەکات بەشێوەیەکی تێر وتەسەل کەپشتی پێ دەبەستێ لەسەر راپۆرتەکانی کە لەکۆرەپاندا هاتووە لە لایەن چاودێری یەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پەرەپێدانی نێردراوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی دەنگدان بە تەرازوویەك بەکێشی 5 پلە.

بەشێوەیەکی گشتی , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی کە پرۆگرامی دەنگدان لە دەرەوەی وولات جێ بەجێ کرا بەشێوەیەکی رێك و پێك لەهەموو هەنگاوەکانیدا وئەتوانین بڵێین کەتاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتوو بوو .

و پێویستە سوپاسی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن لەسەر ئەم بەرهەمە رێك و پێکە بکەین .

راپۆرتەکانی چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پێشان ئەدات کەهەموو بەرهەمەکان رێك و پێك بوو و بەرێوە بردنێکی رێك پێکانە بەرێوە برا.

ڕاپۆرتە کۆتاییە کان ڕوونی کردەوە کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن سەرکەوتوو بوو لەم کارەدا , هەرچەند کە باری ئاسایشی عێراقی زۆر نارەحەت بوو و کاتێکی دیاری کراو داندرابوو بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە.

وەکو ڕاپۆرتەکانیش ڕای گەیاند کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن ئەنجامەکەی هاتەدی و تایبەتی لە لایەن مەشق کردنی کارمەندەکانی دەنگدان و تۆمارکردنی دەنگدەران و هەڵستان بە کرداری هەڵبژاردن و جیاکردنەوە و ژماردنی لاپەرەکانی دەنگدان.

بەڵام لەهەندێ جاردا چەند بارودۆخێك هاتە پێشەوە بەتایبەتی لەکاتی دیاری کردنی بابەتی ناسنامەکانی کەپێ ی قایل دەبن بۆ سەلماندنی کەسێتی , وپێویستە لەپاش ڕۆژدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پێویستی یەکانی سەلماندنی کەسێتی پێش کەش بکرێت بە زمانی کەمترین و بە زمانی ئەو وولاتەی کەلێ ی نیشتەجێن هەرچەند توانای ئەم کارە هەبێت .

بریاری جیاکردنەوەی کرداری تۆمارکردن و دەنگدان مانای ئەوەبوو کە پێویستی بە زۆر کارکردن و کاتی کرد بۆ بەشداری کردن لە هەمان کاتدا دەیان توانی کرداری تۆمارکردن یان دەنگدان بکرێت بەڕێگای پۆستەوە , بەڵام لەوانەیە کاری تەزویری تیای ڕووبدا بەهۆی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کەلە پۆستی عێراقیدا هەیە.

نزیکی 25٪ لەوانەی کە پێیان دەکرا تۆمار بکەن لە دەرەوەی وولات بەشداری یان کرد بەتەواوی , لەهەمان کاتدا ڕێژەی 25٪ ڕێژەیەکی زیاتربوو لەوەی کەداندرابوو لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات کە 265 هەزار عێراقی بەشداری یان کرد لە دەنگدان لە پرۆگرامی دەنگدان لە دەرەوەی وولات لە هەڵبژاردنی 30 کانوونی دووەم 2005 ( 93٪ لەوانەی هەستان بەکاری تۆمارکردن لە دەرەوەی وولات ).

لەکاری دەنگدان لە دەرەوەی وولات بۆمان ڕوون دەکات ولەلایەن ڕاپۆرتەکانی چاودێرەکان کە پێشان دانی لیستەکانی دەنگدەران بەشێوەیەکی ڕوون کراوە نەبوو و لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ڕێ ی نەدا بە چاودێرەکان بۆتاقی کردنەوەی لیستەکانی دەنگدەران چونکە تەنها بۆ یەك ڕۆژ پێشان درا.

ئەنجامەکان ڕاگەیاندرا بە بەغدا لەکاتی خۆی بێ دواکەوتن وهیچ سکاڵایەك نەکرا لەم کارەدا.

لەتوانا دانی یە کە ئەم دەنگدانەی کەکرا لە دەرەوەی وولات بدرێت بە هیچ پارێزگایەکی دیاری کراو , ئەو دەنگدانەی کە لە دەرەوەی وولات درا پشتی پێ نابەسترێت لە هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ دەستوور , لەسەر لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کەمەتمانە بکات کە عێراقی یەکانی نیشتە جێن لە دەرەوەی وولات ئەم کارە یان بۆ ڕوون کراوەتەوە .

بوارەکانی چاك کردنەوە لە دەنگدانی دوارۆژ بریتی یەلە :

- زانیاری یەکی باشتر هەبێت بەرامبەر ژمارەکانی پێشبینی دەکرێت لە بەرنامەی هەڵبژاردنی داهاتوو لە دەرەوەی وولات .
- ڕوون کردنەوەی پێویستەکانی کەسێتی و ئاگادار کردنەوەی هاولاتیان بە شێوەیەکی زیاتر.
- ڕەچاوکردنی کردنەوەی بنکەی دەنگدانی زیاتر بە تایبەتی لە وولاتە گەورەکان.
- زیاتر ڕۆشەنبیری دەنگدەران بکرێت .
- ڕوون کردنەوەی خولی کارمەندەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وولات بەشێوەیەکی ڕێك.
- ڕەچاوکردنی یاسایەك کە کاری ڕاگەیاندن ڕێك بخات بەشێوەیەکی چاك تر.

**نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراق**
**هەلسەنگاندنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت بەتایبەتی هەڵبژاردنی عێراقی**
**30 کانوونی دووەم 2005**

## بەشی یەکەم : هەلسەنگاندنی گشتی

هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی کرا لە دەرەوەی وولاّت لە 30 کانوونی دووەم 2005 لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن بەبریاری لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق . ئەم برنامەیە کرا لە ژێر یاسای لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ژمارە 10 لە ساڵی 2004 , وئەوەی کە چوارچێوەی یاساداناتی بێش کەش کرد بۆ تۆماکردن و پێشاندانی لیستی دەنگدەران و هەڵبژاردن وئەوە لە ژێر یاسای ژمارە 16 لە ساڵی 2005 بوو وبناغەی هەنگاوەکانی تایبەتی بە ژماردنی دەنگەکان لە دەرەوەی وولاّتی عێراق. کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن پێی هەستا بە یارمەتی یەکی توند لەلایەن لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە دەسەلاّتی هەبوو بەسەر بڕیارە سیاسی یەکان .

لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ڕایگەیاند کە زیاتر لە 265 هەزار عێراقی بەشداری یان کرد لە دەنگدان لە پرۆگرامی دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت لە هەڵبژاردنی 30 کانوونی دووەم 2005 , و ئەم برنامەیە سەرکەوتوو بوو و پێ ویستە سوپاسی هەردوو ڕێکخراوەکان بکەین بۆ ئەم کارە. و ئەم بەرنامەیە دامەزرا لە 36 شار لە 14 وولاّت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ( سەیری پاشکۆی ژمارە 1 بکە بۆ زانیاری زیاتر ) – وئەوەش کارێکی زۆر گرنگ بوو چونکە دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت کارێکی سەرەکی نی یە هەتا لەم وولاّتانەی کە دیمۆکراتی تیای هەیە لە ماوەیەکی پێشتردا.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەولیدا و هێنایە دی کە لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ڕێ بدات بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردن لە دەرەوەی وولاّت. ولەبەر ئەوەش , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە دامەزراندنی چاودێری لە 13 وولاّت لەکۆی 14 وولاّت ( هەموو ولاّتەکان جگەلە هۆڵەندا ) ئەوانیش هەستان بە تەواوکردنی ڕاپۆرتی چاودێری کە لە چوار هەنگاوی سەرەکی بوو : تۆمارکردن و پێشاندانی لیشتەکان و هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی لاپەڕەکانی دەنگدان و ژماردنی . بەشی یەکەم لەهەڵسەنگاندن ئەکات لە لایەن کۆمەڵێك لە سەرچاوەکانی زانیاری یەوە : ڕاپۆرتی چاودێری یەکان و هەنگاوەکانی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەکەل وپەل و چاپکراوەکانی کەتایبەت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن و لەبەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولاّت و لەکۆپی یەکانی ڕاپۆرتەکان بەتایبەت بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولاّت کە لە لایەن حکومەتی یابان و کۆنگرەی پەرلەمانەکان داندراوە لەگەڵ سێ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن لەسەر تۆمارکردن و دەنگدان و بەش کردن و ژماردنی دەنگەکان . و بەشی دووەم لەم هەڵسەنگاندنە شیکاری یەکمان پێس کەش دەکات بەشێوەیەکی تێر وتەسەل کەپشتی پێ دەبەستێ لەسەر ڕاپۆرتەکانی کە لەکۆرەپاندا هاتووە لە لایەن چاودێری یەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی.

ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ كۆچ كردن بەڕامبەر تۆماركردن و دەنگدان و ژماردنی دەنگەكان كەدائەندرێت بە سەرچاوەی ئەم هەلسەنگاندنە. وەهر وەها پێشان دەدات كە ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ كۆچ كردن زۆر ڕێك وپێك بوو لە هەلستاندن بەم كارەدا . و ئەم تەگ وچەلەمانەی كە هاتە پێش لە كارەدا تەنگ وچەلەمەی ئاسان بوو و لەژێر دەسەلەتی نەبوو , ڕاپۆرتەكانی چاودێری گومانێكی كەمی تێدابوو كە بەرێوەبردنی دەنگدان لە دەرەوەی وولات كرا بەشێوەیەكی ڕێك , وئەمەش یاسایی دا بە هەڵبژاردنی عێراقی لە 30 كانوونی دووەم .

چوارچێوەی ڕێكخستنی گشتی بریتی بوو لە هەموو یاساكان و ئامادە كردنێكی تایبەت بە لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق وەكو هەستا بەم هەنگاوانە ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ كۆچ كردن , وباس كردنی لە ڕابەری تایبەت بە تۆماركردن و دەنگدان و جیاكردنەوەی دەنگەكان لە دەرەوەی وولات.

ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ كۆچ كردن هەستا بەكارێكی زۆر ڕێك و پێك بۆ جەماوەر وبریاری دا بەشێوەیەكی گشتی كە ئەو عێراقی یانەی كە لە دەرەوەی عێراق دەژین پێ یان ڕاگەیندرا بەشێوەیەكی باش لە چۆنێتی دەنگدان و شوێنەكانی و ئەو كاتەی كە بۆی دیاری كراوە.

ئەگەروا دابنین كە بارودوخی ئاسایش كاردەكات لەسر كرداری هەڵبژاردن لە دەرەوەی وولات , ئەتوانین بڵێین كەهەموو هەنگاوە گرنگەكان وەرگیرا بۆ ئەوەی كە بارودۆخی ئاسایش كار نەكاتە سەر كرداری دەنگدان لەدەرەوەی وولات , وهەروەها تۆماركەران / دەنگدەران تێ گەیشتوو بون لەم بابەتە , بەم شێوەیە تۆماكەران و كارمەندەكانی دەنگدان هیچ مەترسی پەلەماردان یان نەبوو.

بەشێوەیەكی گشتی , كرداری دەنگدان لە دەرەوەی وولات بە شێوەیەكی زۆر باش بەڕێوە چوو , ئەم كرداری دەنگدانە جێ بەجێ كرا لەڕێگای بەرپرسەكان و مەشق كەرەكان كە مەشقیان پێ كرا لە بارێكی ڕاستدا . ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ كۆچ كردن ئاگاداری كرد كە تەنها یەك ڕووداوی فێڵ كردن هەبوو لە كارەدا.
هەروەها بڕیاری لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ماوەی تۆماكردنی زیادكرد بەچەند كات ژمێرێكی زیاتر و دوو ڕۆژی زیاتر بۆ ئەوەی فرسەتێكی زیاتر هەبێت لەبەر دەم دەنگدەران.

لیستەی پێویستەكانی سەلماندنی كەسێتی زۆر توندوتیژ نەبوو , ئەم كارەش كارێكی باش بوو بەڵام بوو بەهۆی ڕوودانی چەند تەنگ وچەڵەمەیەكی كەم بۆ سەلماندنی كەسێتی هەر وەكو ڕێ ی پێدا كەتوانای بەكارهێنانی یەك ناسنامەیەك بۆ سەلماندن لە كاتی ڕوودانی كردارەوە ( بەكارهێنانی پەساپۆرتی عێراقی ) وەكو ڕێگادرا بەهاولاتیانەی كەلە شوێنی دوورەوە هاتوون یارمەتی یەكی تایبەت یان هەبێت.

ئەتوانین ڕێگا بدەین بە بەبڕیاری لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بە جیاكردنەوەی كرداری تۆماركردن و دەنگدان لەسەر بناغەی كەئەم كارە كارێكی دیموكراتی یە لە تاقی كردنەوەی لیستەكانی دەنگدەران و هەروەها ڕێگا نادات بە تەنگ وچەڵەمەی لۆجیستیك.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کردارە مانای وابوو کەزۆربەی عێراقی یەکان ئەرکی هاتوچۆ وپارە خەرج کردن یا هەبوو لە بەشداری کردن لەم دوو کردارە.

وەکو رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن ڕای گەیاند کەلە نێوان 12 هەزار لەو عێراقی یانەی نیشتەجێن لە 14 وولات ڕێژەی تۆمارنەکردن دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك وەکو : زانیاری کەم بەرامبەر ئەو ئەندامانەی کەخۆیان هەڵبژاردبوو ( 13 ٪ ) , هەست کردن کە کرداری هەڵبژاردن کەم شەرعیەتە ( 13 ٪ ) , پشت گوێ خستن ( 12 ٪ ) , ناڕەحەتی لە هاتوچۆکردندا کە پێویستی بە دووبارە بوونەوەیە ( 10 ٪ ) .

لەنێوان هەموو هەنگاوەکانی کەسەر بەکرداری دەنگدان هەیە لە دەرەوەی وولات بۆمان ڕوون دەکاتەوە لەلایەن ڕاپۆرتەکانی چاودێرەکان کە پیشان دانی لیستەی دەنگدەران کەم ترین هەنگاو بوو بۆ قایل بوون.
ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوەکانی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە ڕێگای نەدا بە چاودێرەکان بۆ تاقی کردنەوەی ئەم لیستانە .
لەگەڵ ئەوەشدا کەماوەی تۆمارکردن بۆ دوو ڕۆژی زیاتر ڕێگای پێ نەدرا تەنها بۆ یەك ڕۆژ بۆ نیشاندانی لیستەی دەنگدەران لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە چاوەڕوان نەکرابوو ژمارەیەکی کەم توانای تاقی کردنەوەی لیستەی دەنگدەران یان هەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی , کرداری دەنگدان بەشێوەیەکی ئاسان بەڕێوە چوو و دوور کەوتنەوە لە ڕیزبوونی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی دوور و درێژ هەروەکو کە بەڕێوەبەرەکان کەم مەشقیان پێ کراوە مەشقێکی ڕێك و پێك و دوور کەوتنەوە لە تەنگ و چەڵەمەی بەترس.

جارێکی تر ئەتوانین بڵێین کەئەم کارە کارێکی گەش بین بوو وکارێکی شادبوو لەناو بنکەکان و لە دەرەوەی , ژمارەی هاوڵاتیان کە هەستان بە هەڵبژاردن نزیکی 265 هەزار عێراقی لە هەر سێ ڕۆژەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وولات ( زیاتر لە 93 ٪ لە تۆمارکەران ) .

ڕاپۆرتی کۆتایی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن وائاماژە دەکات کەچەند تەنگ وچەڵەمەیەکی بچووك ڕووی دا وەکو چۆری مۆرەکەی کەبەکار هێنرا و هەندی لەکارمەندان کە دەیا ویست لایەنە سیاسی یەکان دەربجەن و چەند هەوڵ دانێك بۆ تۆمارکردن لە کاتی دەنگدان و هەڵبژاردن بۆ سەرخێزانێك ( لەڕێگای لەجیاتی ) , یان بزرکردنی پسوولەی تۆمارکردن , و لەهەندی شوێندا باس کرا هەندی لە فەرمانبەرانی ڕاگەیاندن ڕێزی نەگرت لە مافی تایبەتی دەنگدەر هەر چەند کە لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق پێ یان ڕاگەیاندبوو کە دەنگدەر مافی تایبەتی خۆی هەیە کە لەیاسای (11) ی ساڵی 2004 دا هەیە کە ڕوون کراوە لە ڕابەری تایبەت بە کرداری تۆمارکردن و دەنگدان لە دەرەوەی وولات . هەروەها ڕاپۆرتەکانی چاودێری نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی و رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن کە گەشتەکانی پڕوپاگەندە ئەکرا لە نزیك بنکەکانی دەنگدان , و هەروەها چەند تەنگ و چەڵەمەیەك هەبوو لە زماندا لەنێوان دەنگدەران و چاودێران و زۆری کات چاپ کردنی تایبەت بە زانیاری یەکانی هەڵبژاردن بەزمانی کەمترین لەژێر دەستدا نەبوو.
کرداری ژماردنی دەنگەکان بەشێوەکی گشتی سەرکەوتوو بوو لە کرداری هەڵبژاردن لە دەرەوەی وولات , کە ئەنجامە سەرەتایی یەکان لە کاتی دابین کراوی خۆی دا گەیشتە پای تەختی بەغدا وهیچ سکاڵایەك نەبوو لەم بوارەدا.

لەوە ئەچێت کە جێ بەجێ کردنی کرداری ژماردنی دەنگەکان کەبەو شێوەیەی بۆی داندرابوو ڕووی دا لەگەڵ ئەوەی کە لەچەند شوێنێك بە شێوەیەکی لەسەر خۆدەکرا ئەوەش دەگەڕێتە بۆ بەڕێوەبەرەکانی کرداری ژماردن , چاودێرەکان هەستان بە ڕخنەگرتنێکی توند بەرامبەر پێشان دانی نموونەی ئەنجامەکان بۆ چاودێرەکان و نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان .

بۆ نەخشە کێشانی پاشە ڕۆژدا پێویستە ڕەچاوی چەند خاکێك بکرێت بەشێوەیەکی فراوان تر , لە کۆتایدا تۆمارکردنی تەنها 25 ٪ لە ژمارەی کە داندرابوو بۆ تۆمارکردن , ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك وەکو : زۆربەی عێراقی یەکانی دەرەوەی وولات لەو باوەڕە دانین کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق ئەمەش بوو بەهۆی کەبەشداریان نەکرد لە هەڵبژاردنی عێراقی بەڵام ڕێژەی 25 ٪ ڕێژەیەکی زیاتر بوو لەوەی کە داندرابوو ( بەشێوەیەکی گشتی ڕێژە لە 10 ٪ یە ) لە کاتێکدا زۆر زەحمەتە زانینی ڕێژەی بەشدارکردن لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات .
لەم کردارە ئەگەر هاتو کات زیاد بکرێت دەتوانرێت هەڵسەنگاندنێکی باشتر بکرێت لەلایەن زانینی ژمارەی هاولاتیان و ژمارەی دەنگدەرانی کەلەوانەیە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی دەرەوەی وولات.

ئەتوانین بڵین کە بریاری جیاکردنەوەی کرداری تۆمارکردن و دەنگدان مانای ئەوەبوو کە پێویستی بە زۆر کارکردن و کاتی کرد بۆ بەشداری کردن لە هەمان کاتدا دەیان توانی کرداری تۆمارکردن یان دەنگدان بکرێت بەڕێگای پۆستەوە , بەڵام لەوانەیە کاری تەزویری تیای ڕووبدا بەهۆی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کەلە پۆستی عێراقیدا هەیە.

لەدوای کرداری کانوونی دووەمی 2005 ئەبێ بیر بکرێت لە ناسنامەی کەسێتی تایبەت بە دەنگدەران , لەکاتی دیاری کردنی بابەتی ناسنامەکانی کەپێ ی قایل دەبن بۆ سەلماندنی کەسێتی , وپێویستە لەپاش ڕۆژدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پێویستی یەکانی سەلماندنی کەسێتی پێش کەش بکرێت بە زمانی کەمترین و بە زمانی ئەو وولاتەی کەلێ ی نیشتەجێن هەرچەند توانای ئەم کارە هەبێت .

پێویستە بە بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان بنکەی کردارەکان و بنکەکانی و نوسینگەی تەنیاکانی دەنگدان لەدەرەوەی وولات بۆ دور کەوتنەوە لە هەموو ڕێك نەکەوتنێك وجێگرکردنی ئەم کردارە لە هەموو وولاتەکان وبنکەکان.

ئەوکاتە وسەرچاوەکانی خەرجی کەرێگەی پێدراوە بۆ وەرگێرانی چاپکراوەکان و کەلوپەلی تایبەتی بە هەڵبژاردن ودەنگدان بۆ زمانی تایبەتی بەکەمترینەوە و بۆ زمانی ئەو وولاتەی کەلێ ی میوانیت کاری ئەوەیە کەسوود ببەخشێت بەدەنگدەر و بەرپرسەکان لەسەر هەڵبژاردن و نوێنەرانی حیزبەکان و لایەنە قەوارە سیاسی یەکان وچاودێرەکان .

لەگەڵ دەست هێنانی سەرکەوتن بەشێوەیەکی گشتی لە دامەزراندنی 7000 لە کارکەران لە هەڵبژاردن و مەشق کردنیان و دابەش کردنیان لە تەنها لە 67 ڕۆژدا. بەڵام هەندێك لەکارکەران بەباشی کارەکەی خۆیان بەرێوە نەبردبوو و نەیان زانی گرنگی کارەکەیان چی یە .ئەمەش بەوەی کەلەسەر یاسا بەرێوە برۆین لەهەموو کاتێکدا. ئەوە یارمەتیمان دەدات لەکەم کردنەوەی دەنگەکان لەجیاتی خێزانەکەت و دەنگدان

بەلەجیاتی لەگەڵ ئەمەشدا باشتر وایە کەیاسای توندو تیژ دابنرێت بەرامبەر رێگەکانی راگەیاندن و بەتایبەتی نەهێشتنی تێکەڵ بوون لە کرداری دەنگدان لەدەرەوەی وولات لەگەڵ جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکان بەشێوەیەکی بەهێزتر.

لەکۆتایی دا , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کرد کەچوارچێوەی کارەکەی هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ دستور رێك ناکەوێت لەگەڵ بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات ئەمەش بەپێ ی مادەی ( 16 ج ) لەیاسای بەڕێوەبردنی ئینتیقالی ( هەڵبژاردنی گشتی سەرکەوتوو ئەبێت هەروەکو دان ئەندرێ بەدەستووردا لەکاتی قایل بوون لەلایەن زۆربەی دەنگدان لەناو عێراق و لەکاتی رەخنەگرتنی دووبەشی دەنگدەران لە سێ پارێزگا). . هەر وەکو دەنگەکان لە دەرەوەی وولات ناتوانرێت دابین بکرێت بۆ پارێزگایەك دیاری کراو .
ڕاسپاردەی سەرەکی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەپاش رۆژدا :

- زانیاری یەکی باشتر هەبێت بەرامبەر ژمارەکانی پێشبینی دەکرێت لە بەرنامەی هەڵبژاردنی داهاتوو لە دەرەوەی وولات .
- ڕوون کردنەوەی پێویستەکانی کەسێتی و ئاگادار کردنەوەی هاولاتیان بە شێوەیەکی زیاتر.
- ڕەچاوکردنی کردنەوەی بنکەی دەنگدانی زیاتر بە تایبەتی لە وولاتە گەورەکان.
- زیاتر ڕۆشەنبیری دەنگدەران بکرێت .
- ڕوون کردنەوەی خولی کارمەندەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وولات بەشێوەیەکی رێك.
- ڕەچاوکردنی یاسایەك کە کاری ڕاگەیاندن رێك بخات بەشێوەیەکی چاك تر

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی
هەلسەنگاندنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت بەتایبەتی هەڵبژاردنی عێراقی
**30 کانوونی دووەم**

بەشی دووەم : چاودێری کردنی گۆڕەپان .

**1** . سەیرکردنێکی گشتی :
لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق رێ بە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بۆ چاودێری بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت بەهەموو هەنگاوەکانی لە تۆماکردن و پێشاندانی لیستی دەنگدەران و هەڵبژاردن و بەش کردن و ژماردنی دەنگەکان.

بەشی دووەم لەم هەلسەنگاندنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاّت باسی ئەم کردارە دەکات هەر وەکو چاودێری گۆرەپانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی ڕایانگەیاند , ( سەیری پاشکۆی ژمارە 2 – دەرخستن ) . بەشی یەکەم لەهەڵسەنگاندن ئەکات لە لایەن کۆمەڵێك لە سەرچاوەکانی زانیاری یەوە : ڕاپۆرتی چاودێری یەکان و هەنگاوەکانی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەگەل وپەل و چاپکراوەکانی کەتایبەت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن و لەبەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولاّت و لەکۆپی یەکانی ( سەیری ویب سایتی www.iraqOCV.org ).

1-1 دامەزراندنی چاودێرەکان :

کرداری دامەزراندنی چاودێرەکان لە 28 کانوونی یەکەم 2004 دەستی پێ کرد لەکاتی پەیوەندی کرا بە بەڕێوەبەرایەتی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەو وولاّتەی کەکرداری دەنگدانی تێدایە لە دەرەوەی وولاّت ئەمەش بۆ دامەزراندنی چاودێرەکان و هەروەها پەیوەندی کرا بەوزارەتەکانی دەرەوە لەم وولاّتانە کە لیژنەی سەربەخۆی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن تێدایە لەبەر ئەوەی کە کرداری دامەزراندنی چاودێرەکان بەژمارەیەکی زۆر کارێکی ئاسان نەبوو و پەیوەندی کرا بە بە ڕێوەبەری هەڵبژاردنی ناوخۆ و هەرێمی لە کاتێکدا کەسەر چاوەکان سەرکەوتوو نەبوو لەم کارەدا پەیوەندی کرا بە یەکێتی پەرلەمانەکان .

لەگەڵ ئەوهەموو هەوڵ دانەی کە کرابۆ دامەزراندنی چاودێرەکان , بەلاّم چاودێری هەموو بنکەکانی دەنگدان نەکرا لەدەرەوەی وولاّت و زۆربەی بنکەکان تەنها یەك چاودێر چاودێری کردارەکەی ئەکرد, نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پێ ی کرا کە چاودێری دامەزرێنێت لەهەموو وولاّتەکان کە کرداری دەنگدانی تێداکرا جگەلە هۆڵەندا چونکە کەس قایل نەبوو بە دامەزراندن بۆ ئەم مەبەستە.

دامەزراندنی زۆربەی چاودێرەکان لە دوو هەفتەی یەکەم کرا , بەڵام دامەزراندنی درەنگ ئەکرا تا 29 ی کانوونی دووەم ی 2005 , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە پێش کەش کردنی نموونەی وەکویەك بۆ چاودێرەکان.

2-1 ڕێژەکانی کاردانەوە :

چاوەڕوان دەکرا کە 120 ڕاپۆرت دەربچێت لەسەر بناغەی ژمارەی چاودێرەکان کە دامەزرابوون , بەڵام 101 ڕپۆرت پێش کەش کرا بە ڕێژەی کاردانەوە 84 ٪ , لە 74 بنکەی دەنگدان تەنها 53 بنکە چاودێری کرا بەڕێژەی 72 ٪ لەگەڵ ئەم هۆیانە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی ئەم کردارەی دانا بەکردارێکی سەرکەوتوو بەڕێژەیەکی باش.

3-1 چارەسەرکردنی ڕاستی یە زانستی یەکان :

بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات کردارێکە لە چوار هەنگاوە بریتی یە لە : تۆمارکردن و پێشاندانی لیستەی دەنگدەران و هەڵبژاردن و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان کە ئەکرا لە کاتی جیاوازدا . هەڵسەنگاندنی هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات بەشێوەیەکی جیاواز.

هەر وەها ژمارەیەکی کەم لە چاودێرەکان بەدواچوونی ئەم کردارەی کرد بەتەواوەتی , زۆربەی چاودێرەکان هەڵسنگاندنێکی بەشیان پێش کەش کرد ئەوەش ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە زۆربەی چاودێرەکان دامەزرێندان لە کاتێکی درەنگ – زۆربەی کاتدا دوای ماوەی تۆمارکردن و پێشاندان – کەهەستان بە پێش کەش کردنی هەڵسنکاندن بەتایبەتی کرداری دەنگدان و جیاکردنەوە وژماردنی دەنگەکان وچەند بارێکی تردا زۆربەی چاودێرەکان لەهەمان بنکەدا بوون و لە هەمان کاتدا وهەریەك ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی پێش کەش کرد , کرداری چاودێری دوور بوو لەدەست بەسەر گرتنی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .

ئەم سێ هەنگاوەی خوارەوە بریتی یە لە چارەسەرکردنی سێ ڕاستی یە زانستی یە گرنگەکان :

ڕاپۆرتی بەشی یەکانی کەپێشکەش کرا لەلایەن چاودێرە جۆراوجۆرەکان :
لەبریتانیا سێ چاودێری جیاواز سێ ڕاپۆرتی جیاوازیان پێش کەش کرد لە هەمان بنکەی دەنگداندا هەریەکێك لەوانە بریتی بوو لە ڕاستی یە زانستی یەکانی بەشێکی دیاری کراو لەبەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات.هەروەها هیچ شتێکی لە بەشدار نەبوو لەنێوانیاندا , لەکاتێکدا کەئەتوانرا ئەم سێ ڕاپورتە بکرێت بە ڕاپۆرتێك بەتایبەتی ئەم بنکەیە .

ڕاپۆرتەکانی کەزیاتر لە یەك بنکەی دەنگدان دائەپۆشێ :
لە ئەردەن و ئەمریکا , هەندێ لە چاودێرەکان ڕاپۆرتیان پێش کەش کرد کەزیاتر لە یەك بنکەی دەنگدان دادەپۆشی لەباری وەکو ئەمەدا , لەم کارەدا هەستاین بە دووبارە کردنەوەی نمرەکان بۆ هەر بنکەیەك لەم بنکانەدا کەباسی کرا لەم ڕاپۆرتەدا.

ڕاپۆرتەکانی کە هەڵسنکاندنی تایبەت بەیەك شار زیاتر کۆ دەکاتەوە :
یەك لە ڕاپۆرتەکانی کە پێش کەش کرا لە ئێران کە هەڵسنکاندنێکی هەبوو بەرامبەر زیاتر لەیەك شار ( تەهران , قوم , مەشهەد ) ئەم ڕاپۆرتەش لابردرا لە هەڵسنکاندنی کۆتاییدا چونکە زۆر قورس بوو کەئەم سێ شارە لە ڕاپۆرتێکدا داپۆشرێ لەهەمان کاتدا.

## 4-1 چەند گرندانێکی تر :

وولاتەکانی کە یەك هەڵسنگاندنی هەبوو :
لەکاتێکدا کە وولات هەبوو کەزیاتر لە 20 چاودێری تێدا بوو بۆداپۆشینی 8–9 بنکەی دەنگدان , لەهەمان کاتدا دوو وولات هەبوو یەك چاودێری تیادا هەبوو وەکو فەرەنسا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی , کە لە فەرەنسا چاودێرەکە هەستا بە داپۆشینی یەك بنکەی دەنگدان کە لەوێ دامەزرابوو , بەلام لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی چاودێرەکە هەستا بە داپۆشینی یەك لە دوو بنکەکانی دەنگدان کە تیای دامەزرابوو , جالەبەر ئەوە لەوانەیە ئەنجامەکانی ئەم دوو وولاتە لەژێر کاریگەری تایبەتی ئەم چاودێرانە بێت . بەدەست هێنانی نمرە ( یەك ) 5\5 لەهەموو هەنگاوەکان مەترسی یەکی هەیە لە ئەنجامەکەدا.

چەند جیاوازی یەك لە نێوان هەڵسنگاندنی چاودێرەکان :
لەگەڵ ئەو ماندی بوونەی کە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی لە کاتی دامەزراندنی چاودێرەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کردارە , بەلام جیاوازی هەبوو لە زانیاری یان لە چاودێری هەڵبژاردن , بەهۆی باری کەوەختی زیلتر دابین نەکرا بۆ مەشق کردنی چاودێرەکان ئەبێت ئەنجامەکانی کە پێش کەش یان کرد لەم ڕاپۆرتانە سەیربکرێت بەووریایی چونکە لەوانەیە هەر چاودێرێك هەڵسنگاندنی تایبەت و جیاوازی هەبێت بەرامبەر ئەم کردارە و لەپاش رۆژدا پێویستە مەشق کردنێکی تایبەتیان پێ بکرێت.

لەگەڵ چاودێری کردنی ئەومەترسانە , پێویستە سەیری ئەو هەڵسنگاندنەی پێش کەش دەکرێت سەرگۆرینێکی گشتی بێت , وپێویستە شی نەکرێتەوە بەشێوەیەکی سەرژمێری . لەگەڵ ئەوەشدا پێش کەش کردنی ئەنجامەکان لە وێنەی ژمارەدا – زۆربەی زۆری بە رژێمی تەرازووی 5 پلە – بەرنامەی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بۆ شیکاری کردنی کاریگەرەکان جۆری بوو زیاتر لە بڕی .

2- چەند تێبینی یەکی گشتی :

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بۆ ڕێکخستنی دوو کرداری چاودێری و هەڵسنگاندن هەستا بە چوار هەنگاوی سەرەکی دەنگدان بەدوای یەکدا : تۆماکردن و پێشاندانی لیستی دەنگدەران و هەڵبژاردن و بەش کردن و ژماردنی دەنگەکان , هەڵدەستێ بە پێوانی هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکان بەچەند نیشان کەرێك بەتەرازووی 5 پلە ( کە مانای ژمارە 1 زۆر خراپ , و ژمارە 2 خراپ , ژمارە 3 باش , ژمارە 4 زۆر باش , ژمارە 5 ئافەرین ) دەبەخشێت .

هەر وەکو ڕوون کراوەتەوە لە خشتەی ژمارە (1) , هەرچوار هەنگاوەکان هەمووی نەنوسراوە لە 13 ووڵاتەکەی کە چاودێری تیادابوو , لەڕاستیدا , کرداری هەڵبژاردن تەنها ئەم هەنگاوە بوو کە هەڵسنگاندنی بۆ کرا لەهەر 13 ووڵاتەکەدا.
ڕاستی زانستی یەکان نەنێردرا بوو لەسەر کرداری تۆمارکردن لەهەریەك لە ئەردەن , و سوریا و تورکیا هەروەها ڕستی زانستی یەکان نەنێردرا بوو بەرامبەر کرداری پێشاندانی لیستەی دەنگدەران لە سەریا و تورکیادا , بەڵام لەفەرەنسا , ئەڵمانیا , ئێران , ئەردەن , سەریا , تورکیا , ئیمارات , زانیاری تەواو پێش کەش نەکرا لەسەر کرداری جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان.

خشتەی ژمارە **1** : سەیرکردنێکی گشتی بۆ ڕاستی یەزانستی یەکانی چاودێری کەوەرگیراوە (وەرگیراو= √ )

| ووڵات | کرداری تۆمارکردن | پێشاندانی لیستەی دەنگدەران | کرداری هەڵبژاردن | جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئوستراليا | √ | √ | √ | √ . |
| کەنەدا | √ | √ | √ | √ . |
| دانیمارك | √ | √ | √ | √ . |
| فەرەنسا | √ | √ | √ | . |
| ئەلمانیا | √ | √ | √ | . |
| ئێران | √ | √ | √ | . |
| ئەردەن | | √ | √ | . |
| هۆلەندا | | | | . |
| سوید | √ | √ | √ | √ . |
| سوریا | | | √ | . |
| تورکیا | | | √ | . |
| ئیماراتی عەرەبی | √ | √ | √ | . |
| بەریتانیا | √ | √ | √ | √ . |
| ئەمریکا | √ | √ | √ | √ . |

چوار هەنگاوی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولآت کە هەڵسنگاندن کرا , هەمووی بەشێوەیەکی باش بەرێوە چوو تا ڕادەیەکی زۆر جگەلە چەند هۆیکی تەنیایی . کرداری هەڵبژاردن و جیا کردنەوەی دەنگەکان زیاترین ڕێژەی تۆمارکرد لەمابەین ئەم چوار هەنگاوەدا. هەروەکو ئەم دوو هەنگاوە دووهەنگاوی کۆتایی کرداری دەنگدان لە دەرەوەی وولآت بوو , لەوانەیە کە فێربونی گەشبینی خولێکی کەورەی هەبوو لە هەنگاوی ئەم بەرنامەیە هەنگاو بەدوای هەنگاو.

ڕوون بووەوە کە کرداری پێشان دانی لیستەی دەنگدەران کە کەمترین کردار بوو کەدانی پیاندرا, کەئەم هەنگاوە کەمترین هەڵسنگاندنی بەدەست کەوت لەچوار هەنگاوەکانی تر لە شەش وولآت ( دانیمارك , ئوستراليا , کەنەدا , ئێران , ئەردەن , ئەمریکا ) . ئەم تێبینی یانە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی گەیاندە ئەو ئەنجامە کە کرداری پێشان دانی لیستەی دەنگدەران زۆر دڵنیانەبوون دەرخست لە هەموو ناوچەکاندا بەتایبەت لە دەنیمارك , ئەوەش ئەگەرێتە هەنگاوەکانی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە ڕێگای نەدا بە چاودێرەکان بۆ تاقی کردنەوەی لیستەکان.
کرداری تۆمارکردن ئەخرێتە ناوەڕاست "زۆر باش" لەهەموو وولآتەکان , جگەلە فەرەنسا و ئیماراتی عەرەبی , کەئەنجامەکانی "ئافەرین" (لەگەڵ ڕەچاوکردنی کەهەر وولآتیك لەم وولآتانە یەك چاودێری تێدابوو ) و کرداری تۆمارکردن داندرا لە پلەی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی لە ئوستراليا و کەنەدا و ئێران , کەمتر قایل بوون لە سوید.

کۆکردنی ئەنجامەکان لە ڕادەی وولآتدا تەنگ وچەڵەمەکانی ناوخۆ دائەپۆشێت , ولەبەر ئەوەش , ئەبێت هەڵسنگاندنێك بکرێت لەسەر ڕادەی بنگەی دەنگدان بۆ هەستێکی باشتر لە جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولآت . ئەم بەشانەی خوارەوە باسکردنێکی تیروتەسەل پێش کەش دەکات لە چۆنێتی هەڵسنگاندنی چوار هەنکاوەکەی کرداری دەنگدان کەپشتی دەبەستی بەزجیرەیەك لە نیشان کەر دیاری کراو : کەهەشت نیشان کەر بەکار هێنرا بۆ کرداری تۆمارکردن و چوار نیشان کەر بۆ کرداری پێشان دانی لیستەی دەنگدەران و شازدە نیشان کەر بۆ کرداری دەنگدان و سێ بۆ کرداری جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان.

3- کرداری تۆمارکردن ( 8 نیشان کەر ).

هەڵسنگاندنی کرداری تۆمارکردن پشتی بەست بەم هەشت نیشان کەرەی خوارەوە :

1- ژمارەی بەرپرسی هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنی کرداری تۆمارکردن.
2- بڕی کەل وپەلی تایبەت بە تۆمارکردن.
3- بێ لایەنی لە کرداری تۆمارکردن .
4- پێش کەش کردنی ئاسایشێکی تەواو .
5- ئامادەکردنێکی ڕێك بۆ بنکەی تۆمارکردن.

6- ڕوون کردنەوەی زانیاری یەکان تایبەت بە کرداری تۆمارکردن.
7- ئاسان کردنی بەکار هێنانی فۆرمەکانی پێش کەش کردن.
8- تێگەیشتنی دەنگدەران بە پێویستەکانی سەلماندنی کەسیتی دەنگدەر.

لەکاتێکدا کە زۆربەی بنکەکان بەشێوەیەکی گشتی گەیشتە پلەی "ئافەرین" لەهەشت نیشانکەرەکە , بەلاّم چەند بنکەی کەمی تر گەیشتە پلەی ( هەڵسنگاندنی "زۆر باش" یان لە 4 بلە تا 5 پلە لە تەرازوی پێنج پلە ) , وەکو شاری راندویك تاون هۆڵ لە ئوسترالیا ئەنجامی کەمتر لە 4 بلە بوو ( هەڵسنگاندنی "باش" ) , و شاری بروما لە سوید ئەنجامی 4 بلە بوو بەهەڵسنگاندنی "باش" و شاری واشنتن و سکۆکی لە ئەمریکا ئەنجامی 5 بلە بوو بە هەڵسنگاندنی "باش" و ئەنجامی گشتی بۆ 8 نیشان کەرەکە لە وولاّتەکان کەمترین ئەنجام لە ئەلمانیا و سوید بوو. وهیچ نیشان کەر لە 8 نیشان کەرەکان پلە خراپی نەبوو ( کەمتر لە "باش" ) .

وئەبێ تیبینی بکرێت کە هیچ ریژەیەك نەبوو لەسەر کرداری تۆمارکردن لە ئەردەن و سوریا و تورکیا , کە یەك چاودێری راپۆرتی پێشکەش کرد لە فەرەنسا ( کە داپۆشینی یەك بنکەی ئەکردلەو وولاّتە ) ودانەیەکی تر لە ئیمارات (داپۆشینی یەك لە دوو بنکەکانی کە تیدابوو) .

وبەشی داهاتوو 8 نیشان کەرەکە بەکارهاتبوو لە کرداری تۆمارکردن ڕوون ئەکات بە پیّ ی پلەکان لە سەرەوە تا کەمتر لە هەموو بنکەکانی تۆمار کردن .

**1-3** ژمارەی سەرکردایەتی هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنی کرداری تۆمارکردن.

ئەم نیشان کەرەی تایبەت بە ژمارەی سەرکردایەتی هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنی کرداری تۆمارکردن وکە بریتی بوو لە کارمەندی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن زیاترین پلەی بەدەست هێنا کە نزیکی "ئافەرین " بوو لە هەموو بنکەکان. ولەڕاستیدا , چاودێرەکان ڕایانگەیاند کە لەبنکەکانی تیای کاریان کرد کارمەندی تێدا هەبوو بەشێوەیەکی زۆر . وئەوەش ئەگەرێتە ئەوە کە لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەم بروایەدا بوو کەژمارەیەکی زۆر بەشداری ئەکەن لە کرداری تۆمارکردن ولەبەر ئەوەشدا رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن هەستا بەدامەزراندنی ئەم ژمارەیە لە کارمەندان. ولەچەند کاتدا هەندی کارمەند نێردران بۆ چەند بنکەی تردا کاتی پێویست . هەڵسنگاندنی چاودێرەکان ڕایگەیاند کە ژمارەی کارمەندی زۆر شتێکی گەش بینی یە بەتایبەت لەکاتەکانی کارکردنی رۆژانە و لە دوو رۆژە زیادەکەی لە هەفتەدا بەبێ هیچ هۆیەك. بەلاّم ڕاپۆتەکان ڕایگەیاند کە لە ئێران بێویست بوو زیاتر کۆنترۆڵی ڕیزەکان بکرێت لەکاتێکدا کە ئەیانتوانی ژمارەی کارمەندی تۆمارکردن زیاد بکرێت لە چەند بنکەدا. چاودێرەکان پلەی کەمتریان دا لەم بارەدا بە ئەلمانیا (شاری باتزویلەر هۆف ) و ئوستراليا ( شاری : راندۆيك تاون هول ) و ئەمریکا (شاری: سکۆکی ) وبریتانیا (شاری :لەندەن ) بەبێ هیچ باسێکی زیاتر.

## 2-3 بڕی کەل وپەلی تایبەت بە تۆمارکردن.

لەلایەن هەڵسنگاندنی چاودێرەکان ڕایانگەیاند کە چاپکەری تایبەت بە تۆمارکردن لەژێر دەستدا بوو بە بڕێکی زۆر. بلاّم پلە کەمتر هەبوو لە چەند شوێنی دیاری کراو وەکو ئوسترالیا (شاری: راندویك تاون هۆل) و ئەلمانیا (شاری: باتزویلر هۆف ) و بریتانیا ( شاری : مانشستەر بەتایبەت) , کە کاتێك پلەی خراپ نەبوو لەم نیشان کەرە بۆمان دەردەخات کە هیچ تەنگ وچلەمەیەك نەبوو لەم بابەتەدا.

## 3-3 یەکسانی و بێ لایەنی کرداری تۆمارکردن .

سێ یەم زیاتر بەشی ئەنجامەکان بۆ یەکسانی و بێ لایەنی کردارەکە بوو کە کرا لەلایەن فەرمانبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن کە ئەنجامەکەیان لەسەرەوەی پلەی چوار بوو تەنها یەکەکیان ( پلەی "زۆر باش " یان زیاتر ) , وتێبینی کرا کە یەکسانی و بێ لایەن کەیشتە پلەیەکی کەم لە زۆربەی بنکەکانی ئێران جگەلە "قوم " کە ئەنجامی هەڵسنگاندنی "ئافەرین" بوو , لە ئەمریکا هەموو بنکەکانی تۆمارکردن کەیشتە پلەی "ئافەرین" جگەلە شاری سکوکی کە پلەی "باش" بوو لەم هەڵسنگاندنە.چاودێرەکان هیچ کورتەباسێکیان پێشکەش نەکرد بەرامبەر ئەم ئەنجامانە.

## 4-3 پێش کەش کردنی ئاسایشێکی تەواو.

زۆربەی چاودێرەکان هەڵسنگاندنی "زۆر باش" یان دا بە ئاسایشی کەپێش کەش کرا لە بنکەکانی تۆمارکردن. هەر وەکو ڕاپۆرتەکان ڕایگەیاند کە بەرێوەبەری ئاسایش زۆر رێك وپێك بون لە کارەکەیاندا و بێ لایەن بوون . زیاترین پلە درا بە ئاسایش لە کەنەدا و فەرەنسا و ئەلمانیا و ئێران. بەلاّم پلەی کەم کە کەمترە لە **4** لە تەرازوی **5** پلە ( کە دائەنریت بە "باش" ) درا بە سوید (بروما) وبریتانیا (لەندەن) و ئەمریکا (دترویت و سکوکی).

## 5-3 ئامادە کردنی بنکەی تۆمارکردن .

بەشێوەیەکی گشتی , هەڵسنگاندنی ئامادە کردنی بنکەی تۆمارکردن لە پلەی " زۆر باش " بوو , لەکاتێکدا کە ئێران و ئەمریکا گەیشتنە پلەی بەرز کە " ئافەرین " بوو , بەلاّم پلەی کەم کە کەمترە لە **4** لە تەرازوی **5** پلە ( کە دائەنریت بە "باش" ) درا بە سکوکی و واشنتن لە

ئەمریکا و بروما و جوتنبرج لە سوید و مانشستەر لە بریتانیا و نورت یورك و سکاربورو لە کەنەدا .بەڵام ئەبێ تێبینی بکەین کە هەڵبژاردنی شوێنی بنکەکان لە دەرەوەی وولاٌت کرا لە لایەن لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەگەڵ حکومەتەکانی ئەم وولاٌتانە .

**6-3** ڕوون کردنەوەی ئاگاداری یەکان تایبەت بەکرداری تۆمارکردن .

هەڵسنگاندنی نیشانەکەری تایبەت بە کرداری تۆمارکردن بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش بوو تاڕادەیەکی زۆر بەناوەندی پلەکان زیاتر لە **4** ("زۆر باش") , لەگەڵ ئەوەشدا کە بریتی بوو لە سێ هەنگاوەکانی کە کەمترین هەڵسنگاندنی بەرکەوت لەکرداری تۆمارکردن . کە ئێران و ئەمریکا و ئوستڕالیا بەرزترین پلەیان بەرکەوت ,لەکاتێکدا کە کەمترین پلە ( کەمتر لە **4** وکە هەڵسنگاندنی "باش"بوو ) لە راندویك تاون هول لەئوستڕالیا و کوبنهاگن لە دانیمارك و بروما وجوتنبرج لە سوید وجلاسجو لە بریتانیا وسکوکی و واشنتن لە ئەمریکا بوو.

**7-3** ئاسان بوونی بەکارهێنانی فۆرمەکانی پێشکەش کردن .

هەر وەکو هەڵسنگاندنی نیشانەکەری تایبەت بە ئاسان کردنی بەکارهێنانی فۆرمەکانی پێشکەش کردن بە پلەی بەرزتر لە **4** ("زۆر باش" ) , لەکاتێك کە چەند هۆیەك رووی دا لە راندویك تاون هول لەئوستڕالیا وباتزفیلەر لە ئەلمانیا و جلاسکۆ لە بریتانیا وسکوکی و واشنتن لە ئەمریکا , بەڵام چاودێرەکان هیچ کورتەباسێکیان پێش کەش نەکرد بەرامبەر ئەم ئەنجامانە.

**8-3** تێگەیشتن و وشیاربوونی دەنگدەر بۆ چۆنیتی سەلماندنی کەسێتی .

لەکۆتایدا , هەڵسنگاندنی نیشانەکەری تایبەت بە ڕادەی تێگەیشتن و وشیاربوونی دەنگدەر بۆ چۆنیتی سەلماندنی کەسێتی لە پلەی "زۆرباش" بوو , لەکاتێکدا کە چەند بنکەیەکی کەم گەیشتە پلەی "ئافەرین" لەم نیشان کەرە , کەمترین پلە لە راندویك تاون هول لەئوستڕالیا و بروما و سکارهۆلمەن لە سوید و ابو زەبی لە ئیماراتی عەرەبی و واشنتن لە ئەمریکا. چەند چاودێری یەك هەستان بە پێش کەش کردنی کورتەباسی ڕوون کراو کە لە رۆژی دووەمی کرداری تۆمارکردن وبە ئەنجامی درەنگ بوونی بریاری لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق پاسەپۆرتی عێراقی بەتەنیا بوو بە ناسنامەیەکی تەواو بۆ سەلماندنی کەسێتی , وئەمەش شتێکی گەش بینی بوو بەڵام درەنگ هاتنی ئەم بریارە بۆ بەهۆی کە چەند دەنگدەرێك نەیان توانی بەشداری بکەن لە رۆچی پێشوی دەنگدان.

**4** . پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران (**4** نیشان کەر ).

هەنگاوی دووەم کە چاودێری نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەڵسنگاندن یان کرد ئەوەبوو پێشاندانی لیستەی دەنگدەران وەکو یاسای ژمارە **10** لەساڵی **2004** باسی کرد " پێشاندانی لیستەی دەنگدەران لەهەر وولاٌت و بنکە یان بنکەکانی تۆمارکردنی دیاری

کراو له هەر وولاتێك لەماوەی دوو رۆژ لەکاتی تەواو بونی ماوەی تۆمارکردن " . وبەپێ ی یاسای تۆمارکردن ودەنگدان " لیستەی دەنگدەرانی کاتی بلاو ناکرێت لەهەر ویستگەیەك بەلام پێشان ئەدرێت بۆ تاقی کردنەوە لەکاتی داواکرا و لەژێر چاودێری کارمەندان {...} و ئەم کەسانەی کە ئەتوانن تاقی لیستەی دەنگدەرانی کاتی بکەن ئەوەن : دەنگدەرانی تۆمارکراو لە دەرەوەی وولات , ئەوەش ئەبێت لە کاتی بێش کەش کردنی پسولەی تۆمارکردن لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات لەگەل ناسنامەیەکی سەلماندنی کەسێتی بەوێنەی دەنگدەر . نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکانی باوەر پێ کراو ,ئەمەش لە کاتی پێش کەش کردنی باجی باوەری لەگەل ناسنامەیەکی بەوێنە " , و لێ رەش ئەبێت باس بکرێ کە یاسای ژمارە **10** لەساڵی **2004** ویاسای لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە تایبەتی بە کرداری تۆمارکردن و دەنگدان هەیە رێ نەدا بە چاودێری نێودەوڵتی بە تاقی کردنەوەی لیستەی دەنگدەران.

هەڵسنگاندنی لیستەی دەنگدەران کرا لەسەر بناغەی ئەم چوار نیشان کەرەی خوارەوە :

1 – توانای گەیشتنی دەنگدەران بۆ لیستەکانی دەنگدەران لە کاتی داواکردن.
2 – ئامادە بوون بۆ پێشاندانی لیستەی دەنگدەران لە کاتی دیاری کراو .
3 – ئامادە کردنی لیستەی دەنگدەران لە ماوەی تاقی کردن .

لە نێوان چوار هەنگاوی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات پلەکانی تایبەت بە کرداری پێشان دانی لیستەکان دوو بەش بوو ( لە مابەین پلەی بەرز و پلەی زۆر نزم ) و ئەبێ تێبینی بکرێت کە چوار نیشانەکەی کە بەکار هێنراوە بۆ هەڵسنگاندنی کرداری پێشان دانی لیستەکان وەکو یەك نی یە .

هەڵسنگاندنی کرداری پێشان دانی لیستەکان لە زۆربەی وولاتەکان لە پلەی 4 زیاتر بوو "زۆر باش " ,بەلام پلە نزمەکان درا بەشێوەیەکە تایبەت بە شاری شیبارتون لە ئوستراليا و نورت یورك لە کەنەدا و کوبنهاگن لە دانیمارك.

وجارێکی تر , ئەبێت تێبینی بکرێت کە کە فەرەنسا و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو گەیشتنە بەرزترین پلە " ئافەرتن " لەهەموو شتێکدا , بەلام یەك چاودێری هەبوو لوهەر یەکەکیان.

1-4 گەیشتنی دەنگدەران بۆ لیستەکانی دەنگدەران لە کاتی پێ ویست .

لە نێوان چوار نیشان کەر کە پەیوەندی هەیە بە بێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران , کرداری گەیشتنی هاولاتیان بەرزترین پلەی هێنا ( نزیکی ئافەرین ) , لەکاتێکدا کە سێ بنکەکان لە سوید کە بلەی " ئافەرین " نی هێنا لە کرداری گەیشتنی تایبەت , کەمترین پلە لە شاری

شیبارتون له ئوستڕالیا و میسیسوجا له کەنەدا و کوبنهاگن له دانیمارك و دترویت له ئەمریکا , که تێبینی یەکان ڕوون ئەکات که چاودێرەکان نەگەیشتنه بینینی لیستەکان به بێشاندراوی .

## 2-4 ئامادە بون بۆ پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران له کاتی دیاری کراو.

دووەم بەرزترین ڕێژه ( زیاتر له 4 به تۆزێك ) که بەتایبەتی کاتی پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران بوو , بەڵام تەنگ وچەڵەمەکان لەهەمان بنکەکاندا بوو که چاودێرەکان مەترسی خۆیان دەربری بەرامبەر گەیشتنی هاولاتیان.

## 3-4 نهێنی لیستەکانی دەنگدەران لەهەموو کاتێکدا .

حوکوم درا لەسەر کرداری نهێنی لیستەکانی دەنگدەران که کەمترین قایل بون بوو به شێوەیەکی گشتی . لەگەڵ ئەوەشدا , که ئەنجامەکانی کەمتر له 4 ( که به "باش " دائەنرێت ) له چوار بنکەدا بوو : کوبنهاگن له دانیمارك و باتزفیلر هۆف له ئەلمانیا و دترویت و واشنتن له ئەمریکا .

## 4-4 دابین کردنی لیستەکانی دەنگدەران بۆ ماوەی تاقی کردنەوە.

هەڵسنگاندنی کرداری دابین کردنی لیستەکانی دەنگدەران بۆ ماوەی تاقی کردنەوە بەشێوەیەکی ناوەندی کەم قایل بون بوو . لەکاتێکدا که زۆربەی بنکەکان هەڵسنگاندنرا به 4 پله بەلایەنی کەمەوە ( یان "زۆر باش ") , چەند پلەی "ئافەرین " هەبوو وەکو : نوبل پارك و برستون له

ئوستڕالیا ومیسیسوجا و اوتاوا و سکاربورو له کەنەدا و پاریس له فەرەنسا و کەرمنشاه ومەشهەد له ئێران و بروما له و جونتنبرج له سوید وجلاسجو له بریتانیا وابو زەبی له ئیمارات.

بەپێچەوانه , زۆربەی بنکەکان نه گەیشته پلەی 3 ( هەڵسنگاندنی "کەم " بوو ) : شیبارتون له ئوستڕالیا نورت یورك له کەنەدا کوبنهاگن له دانیمارك و سکارهولمەن له سوید و واشنتن له ئەمریکا , ئەم شوێنانه کەتێبینی مەترسی کاتی دابین کراو بۆ تاقی کردنەوەی لیستەکانی دەنگدەران هەبوو . و سێ بنکه که کەمترین پله یان هەبوو لەم بارەدا : نورت یورك له کەنەدا کوبنهاگن له دانیمارك و سکارهولمەن له سوید . لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین که لیستەکانی دەنگدەران پێشان نەدرابوو بۆ تاقی کردنەوە له چەند شوێندا , بەڵام هەڵسنگاندنی " زۆر کەم " مەترسێکی هەیە.

5 . کرداری دەنگدان ( 16 نیشان کەر )

کرداری دەنگدان داپۆشرا بە ڕاپۆرتەکانی هەڵسنگاندن کە گەیشت بەدەست لە 53 بنکەی دەنگدان لە 13 وڵات کە چاودێری نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی تیادا هەبوو . و ئەم هەڵسنگاندنە پشتی بەست بە 16 نیشان کەری خوارەوە :

**1** – بەکارهێنانێکی ڕێك بۆ قفڵەکانی سنوقی دەنگدان پێش کردنەوەی.
**2** – بڕی کەل وپەلی تایبەت بە دەنگدان .
**3** – بەکارهێنانێکی ڕێك بۆ مۆر لەکاتی هەستانی دەنگدەران بە دەنگدان .
**4** – دڵنیابوون کە پەنجەی دەنگدەران مۆری لەسەر نیە پێش دەنگدان .
**5** – ئیمزاکردنی هەموو دەنگدەران لەسەر لیستەکان .
**6** – دابین کردنی ئاسایشێکی تەواو .
**7** – ژمارەی سەرکردایەتی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی کرداری دەنگدان .
**8** – یارمەتی پێشکەش کراو بۆ دەنگدەران لە کاتی پێویست .
**9** – ڕێ دان بە نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان بۆ چاودێری کرداری دەنگدان .
**10** – دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان کراو .
**11** – دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان نەکراو .
**12** – دڵنیابوون لە پسولەی تۆمارکردن وسەلماندنی ناسنامەی بە وێنە پێش وەرگرتنی لاپەڕەی دەنگدان .
**13** – کۆی هەموو لاپەڕەکانی تایبەت بە دەنگدان .
**14** – ڕوون بونەوەی زانیاری یەتابەتەکان بە کرداری دەنگدان .
**15** – دابین کردنێکی تەواو بۆ شوێنی بنکەکانی دەنگدان .
**16** – نهێنی دەنگەکان .

بەشێوەیەکی گشتی , نیشان کەری جۆراوجۆر بۆ هەڵسنگاندنی کرداری دەنگدان پلەی بەرزی بەدەست هێنا کە دووەم بوو لە لەدوای کرداری ژماردنی دەنگەکان . ولەسەر ڕێژەی وڵاتەکان : پلەکانی فەرەنسا و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو " ئافەرین " بوو لە **16** نیشان کەرەکە ( ئەبێ تێبینی بکرێت کە هەر وڵاتێك لەم دوو وڵاتانە یەك چاودێری تیایدا هەبوو ) , هەر وەکو ئوسترالیا و کەنەدا و ئەردەن گەیشتە نزیکی پلەی " ئافەرین " , بەڵام ئەمریکا و بریتانیا بە شێوەیەکی گشتی پلەی نزم یان هێنا . ئەم بەشەی داهاتوو بۆمان ڕوون ئەجامەکانی **16** نیشان کەرەکە بە پلەی ناوەندی لە بەرز تا کەم .

## 1-5 بەکارهێنانێکی ڕاست بۆ قفڵەکانی سنوقی دەنگدان پێش کردنەوە .

نیشان کەری تایبەت بە بەکارهێنانێکی ڕاست بۆ قفڵەکانی سنوقی دەنگدان پێش کردنەوە باشترین هەڵسنگاندنی هێنا لە نێوان 16 نیشان کەر ,کە هەڵسنگاندنی " ئافەرین " بوو لە کەنەدا و دانیمارك و فەرەنسا و ئەردەن و سوید و سوریا وتورکیا و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو , و لەهەموو بنکەکانی دەنگدان لە ئوسترالیا تەنها یەك بنکە لە ( ڕاندویك تاون هۆل ) ویەك بنکە لە ئێران ( تەهران ) . لەکاتێك کە پلە نزمەکان – کە لە پلەی "زۆر باش " لە تەهران ( ئێران ) و سکوکی (ئەمریکا ) کە چاودێرەکان مەترس یان هەبوو کە یەك لە قفڵەکان هەرگیرابوو لە ڕۆژی دووەم یان سێ یەم لە ڕۆژەکانی دەنگدان . لە کاتێك کە لە لەندەن ( بەریتانیا ) کارمەندەکان دەنگ یان دابوو پێش کردنەوەی ویستگەی دەنگدان لە کات ژمێری 7 بەیانی لەکاتێك کە چاودێرەکان لەبنکەدا نەبوون.

## 2-5 بڕی کەل وپەلی تایبەت بە دەنگدان .

کەل وپەلی چاپ کراو تایبەت بە کرداری دەنگدان تەواو بوو بە شێوەیەکی زۆر ( هەڵسنگاندنی لە پلە " ئافەرین " بوو ) لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان هەر وەکوو ژمارەی کارمەندان لە کاتی تۆمارکردن . ئەوەش ئەگەڕێتە ئەوە کە لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەو بروایەدا بوو کە ژمارەیەکە زۆر لە هاولاَتیان بە شداری دەکەن لەم کردارە . وهیچ ڕاپۆرتێکی تایبەت نی یە ڕوون بکات پلەکانی کەدرا بە راندویك تاون هۆل لە ( ئوسترالیا ) و اهواز و کەرەمنشاە و اورومیە لە (ئێران) و جرامانە لە (سوریا) و مانشستەر لە (بریتانیا) و روزمونت لە (ئەمریکا).

## 3-5 بەکارهێنانێکی ڕاست بۆ مۆر لەکاتی هەستانی دەنگدەران بە دەنگدان .

کرداری بەکارهێنانی مۆر بۆ مۆرکردنی پنجەی دەنگدەران بۆدڵنیابوون کەدەنگ دەدرێت دووبارە , هەڵسنگاندنی ئەم کردارە سەرکەوتنێکی گەورە بوو لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان. لەسەرەتای کردارەکە , ئەبوایە بنجەی دەنگدەران مۆر بکرێت کاتی وەرگرتنی لاپەرەی دەنگدان ئەوەش ئەبوو بەهۆی پیس بونی لاپەرەکە , دوای ئەمە گۆران کاری یەك کرا لە کاتی مۆر کردن کە ببێتە دوای دەنگدانی دەنگدەر.زۆربەی چاودێران ئەم تێبینی یان کرد بەلاَم هەڵسنگاندنی ئەم کردارە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش بوو , کەیەك هەڵسنگاندنێك کەمتر لە پلەی 4 هەبوو (پلەی "باش ") لەواشنتن (ئەمریکا) .

## 4-5 دڵنیابوون کە پەنجەی دەنگدەران مۆری لەسەر نیە پێش دەنگدان .

ولە نیشان کەرەکانی کە پلەی بەرزتر بەدەست دەهێنێ پەیوەندی هەیە پەیوەندیەکی توند بەنیشان کەری پێشوو ئەوەش بریتی یە لەوەی کە بەرپرسی هەڵبژاردن دڵنیابێت لەوەی کە دەنگدەر پەنجەی مۆری پێوەنی یە پێش ئەوەی لاپەری دەنگدان بداتە دەست ,یەك هەڵسنگاندنێك هەیە کە پلەی کەمتر لە ( پلەی " باش ") هێنا لە جرمانە (سوریا) بەبێ هیچ ڕوون کردنەوەیەکی زیاتر.

5-5   ئيمزاكردنى هەموو دەنگدەران لەسەر ليستەكان .

له ياساكانى كردارى دەنگدان پێويستە هەموو دنگدەران ئيمزا بكەن له ليستەى دەنگدان تا بتوانن لاپەرى دەنگدان وەربگرن.هەر وەكو وباس كرا شوێن ئەم فەمايشتەكان كەوتن بەشێوەيەكى رێك وپێك له زۆربەى بنكەكانى دەنگدان , جگەلە يەك بنكە له بروما (سويد) پلەى كەمترى هێنا لەم كرداره .وئەبێ تێبينى بكرێت كه هيچ ڕاپۆرتێك لەم بارەدا نەبوو لەلايەن فەرەنسا و ئەلمانيا و ئەردەن وسوريا و بريتانيا و ئێران تەنها يەك بنكە لەئێران.

6-5   دابين كردنى ئاسايشێكى تەواو .

ئاسايش يەكێك لەو لايانەبوو كه هەڵسنگاندنێكى زۆر باشى هێنا له لايەن زۆربەى چاودێرەكان . كردارى دەنگدان له دەرەوەى وولاَت بەرێوه چوو بەبێ هيچ رووداوێكى گەورە و هەرەشەكردنێك . لەگەڵ ئەوەشدا , چەند روداوێكى بچوك رووى دا وچاودێرەكان وا باسيان كرد كه بەرپرسەكانى ئاسايش زۆر بەرێكى كارەكەيان بەرێوه برد . هيچ چاودێرێك تێبينى يەكى نەبوو كەسكالايەك كرا بەرامبەر ئاسايش . ئەمەش كارێكى گرنگ بوو بۆ سەركەوتنى كردارى دەنگدان لەدەرەوەى وولاَت .يەك هەڵسنگاندنێك هەبوو كه پلەى نزمى هێنا (پلەى "باش") له مانشستەر (بريتانيا) بەلاَم بەبێ ڕوون كردنەوەى زياتر.

**7-5**   ژمارەى بەرپرسەكانى هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنى كردارى دەنگدان .

هەر وەكو ڕێژەى هەڵسنگاندنى كردارى تۆماركردن ژمارەى بەرپرسەكانى هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنى كردارى دەنگدان زياتربوو له پێويست , لەڕاستيدا ژمارەى فەرمانبەرەكان زياتر بوو لو پێويست له زۆربەى بنكەكانى دەنگدان , وباس كرا لەلايەن هەندى له چاودێرەكان كه زۆرى فەرمانبەران بۆ به هۆى دروسبونى بارێكى شڵەژاو زياتر له پێويست كه هۆى كەم بونەوەى گرنگى ئەم روداوه, لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەى بنكەكان پلەى بەرزيان بەدەست هێنا لەم بەندەدا , تەنها له باتزفيلەر هوف (ئەلمانيا) ومانشستەر (بريتانيا) بەلاَم بەبێ ڕوون كردنەوەى زياتر.

**8-5**   يارمەتى پێشكەش كراو بۆ دەنگدەران له كاتى پێويست .

پله بەرزەكان تا ڕادەيەك نيشانەى كرد كه يارمەتى پێشكەش كرا بۆ دەنگدەران له كاتى پێويستدا .لەكەڵ ئەوەشدا زۆربەى چاودێرەكان باسيان كرد كه ئەم يارمەتى يه پێشكەش كرا بەزمانى عەرەبى و كوردى تا رێك بكەوێت لەگەڵ زۆربەى دەنگدەراندا . لەگەڵ ئەوەى كه رێكخراوى نێودەوڵەتى بۆ كۆچ كردن هەستا به جێ بەجێ كردنى سياسەتەكانى ليژنەى سەربەخۆى هەڵبژاردن له عێراق بۆ پێشكەش كردنى يارمەتى يەكان بەزمانى كوردى و عەرەبى هەروەكو ڕووى دا كاتى دەنگدان له ناوەوەى وولاَتدا .هەندى چاودێرەكان باسيان كرد كه ليژنەى سەربەخۆى هەڵبژاردن له عێراق له تواناى دا هەبوو كەئەم يارمەتى يانه پێشكەش بكات به

ژمارەیەکی زۆرتر لە زمانەکان .ئەمەش لە یەك بنکەدا تەنها ( لوس انجلوس ) لە ئەمریکا کە لە 4 پلەی کەمتری بەدەست هێنا (لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسنگاندنی باش بوو ).

9-5 ڕێ دان بە نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان بۆ چاودێری کردنی فەرمایشتەکانی دەنگدان .

ڕیدانی کە ڕێ پیدرابوو بۆ نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان بۆ چاودێری کردنی فەرمایشتەکان هەڵسنگێندرا بە پلەی "ئافەرین" لە زۆربەی بنکەکانی کە هەڵسنگێندرا , ئەویش ژمارەیەکی دیاری کراوە لە بنکەکان بە شێوەیەکی گشتی , هیچ ڕوون کراوەیەك بەدەست نەگەیشتوە لە فەرەنسا یان ئەلمانیا یان ئێران یان ئەردەن یان سوریا یان تورکیا یان بریتانیا یان کالجاری لە کەنەدا . هەر وەکو چاودێرەکان هەستان لە سکوکی و واشنتن لە ئەمریکا بە هەڵسنگاندنی ئەم بەندە بە پلەی کەمتر لە 4 ("باش") بەبێ هیچ ڕوون کردنەوەیەکی زیاتر بۆ ئەم هەڵسنگاندنە.

10-5 دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان کراو .

کرداری دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان کراو هەڵسنگیندرا بە پلەی "باش" لە زۆربەی بنکەکانی دەنگداندا , ئەوەی شایانی باسە , بنکەکانی کە پلەی "ئافەرین" بەدەست هێنا لە ئوستڕالیا ( هەموو بنکەکان جگەلە راندویك تاون هۆل ) و کەنەدا ( هەموو بنکەکان جگەلە میسیسوجا ) و دانیمارك و فەرەنسا و ئەردەن و ئیمارات . پلەی "باش" بەدەست هێنا هەریەك لە مانشستەر (بریتانیا) و شیکاغو و سکوکی (ئەمریکا) و هیچ ڕوون کراوەیەك مان بەدەست نەگەیشت بەتایبەت میونخ (ئەلمانیا).

11-5 دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان نەکراو .

کرداری دابین کردنی شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان نەکراو هەڵسنگیندرا بە پلەی بەرزتر لە "زۆر باش" لە ناوەندی . لەچەند بنکەیەکی کەمدا , وەکو سکاربورو (کەنەدا) و کوبنهاگن (دانیمارك) و بروما و سکارهولمن (سوید) و لەندەن و مانشستەر (بریتانیا) و دترویت وسکوکی (ئەمریکا) تۆماری کرد لە شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان نەکراو ئاسایشێکی کەمتر لە شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان کراو . وپلە نزمەکان درا بە مانشستەر (بریتانیا) ودترویت وسکوکی (ئەمریکا) مەترسێکی زۆر دەرئەبریێت لەم شوێنە. بەڵام شوێنی تایبەت بە دەنگەکانی نیشان نەکراو دەرکەوت بە ئاسایشێکی زیاتر لە کەرەمنشاە و مەشهەد و قوم و تەهران (ئێران) وجوتنبرج (سوید) وجلاسجو (بریتانیا) و واشنتن (ئەمریکا) .هیچ چاودێرێك تێبینی تۆمارنەکرد بەرامبەر ئاسایش بە تایبەت شوێنی دەنگەکانی نیشان نەکراو و نیشان نە کراو.

## 12-5 دڵنیابوون له پسولەی تۆمارکردن وسەلماندنی ناسنامەی به وێنه پێش وەرگرتنی لاپەرەی دەنگدان .

کرداری دڵنیابوون له پسولەی تۆمارکردن وسەلماندنی ناسنامەی به وێنه پێش وەرگرتنی لاپەرەی دەنگدان ڕێژەی بەرزتر له ناوەندی هێنا به هەڵسنگاندنی ("زۆر باش") .وکرداری دڵنیابوون پلەی "ئافەرین" ی بەدەست هێنا له ئوستڕالیا (جگەله اوبورن و راندویك تاون هۆل) و کەنەدا (جگەله نورت یورك) و فەرەنسا و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و تورکیا (انقەره) و هەموو بنکەکان له ئەردەن . شوێنەکانی که مەترسی بەرامبەر هەبوو وەکو دیترویت (ئەمریکا) که هەڵسنگاندنی "باش" بوو و بەشێوەیەکی تایبەت جلاسجو (بریتانیا) هەڵسنگاندنی "خراپ " بوو .

## 13-5 کۆی کردنەوەی هەموو لاپەرەکانی تایبەت به دەنگدان .

زۆربەی چاودێرەکان باسیان کرد که هەموو لاپەرەکانی تایبەت به دەنگدان کۆ کرا له بنکەکانی دەنگدان و بەتایبەت له ئوستڕالیا (جگەله شیبارتون) وکەندا (جگەله میسیسوجا) و ئێران و ئەردەن و سوید .وهەر یەك له شیبارتون (ئوستڕالیا) و جلاسجو و مانشستەر (بریتانیا) پلەی نزیك له 3 یان هێنا (بەرزتر له "باش") لەکاتێکدا له دترویت (ئەمریکا) کەمرین پلەی هێنا (هەڵسنگاندنی "خراپ") ئەمەش دەرئەکات که چاودێری ئەم بنکەیە تێبینی نارەحەتی رژێمی کرد بەڵام هیچ زانیاری یەك پێشکەش نەکرا لەم بارەدا.

## 14-5 ڕوون بونەوەی زانیاری یەتابەتەکان به کرداری دەنگدان .

هەڵسنگاندنی کرداری ڕوون بونەوەی زانیاری یەتابەتەکان به کرداری دەنگدان له پلەی "زۆر باش " بوو له زۆربە بنکەکاندا . بەڵام قایل بونی کەم بوو له بروما و سکارهولمەن (سوید) وسکوکی و واشنتن (ئەمریکا) و کەمترین پلەی هەڵسنگاندن له شاری مانشستەر (بریتانیا) بوو.

## 15-5 دابین کردنی شوێنی ویستگەکانی دەنگدان .

کرداری دابین کردنی شوێنی ویستگەکانی دەنگدان کەمترین پلەی هێنا که 9 بنکه له 53 هەڵسنگاندنی کەمتر له پلەی 4 بوو ("باش") و بەپێ ی ڕاپۆرتەکانی چاودێرەکان شوێنی دەنگدان پلەی "باش" ی هێنا له فیرفیلد (ئوستڕالیا) و نورت یورك و سکارابورو (کەنەدا) و جوتنبرج و سکارهۆلمەن (سوید) ودترویت و واشنتن (ئەمریکا) , لەکاتێکدا که پلەی "خراپ" ی هێنا شاری سکوکی (ئەمریکا) و مانشستەر (بەریتانیا) .هەندێ چاودێرەکان باسیان کرد که دابین کردنی شوێنی له بنکەکان کرداری کۆنترۆڵ کردنی ڕیزەکان ئاسان نەکرد بەشێوەیەکی ڕێك ,بەڵام هەندی چاودێری تر باسیان کرد که ئەم کرداره کرا به شێوەیەکی ڕێك و خێرا . لەکۆتایدا ئەتوانین بڵین لەوانەیە که ئەم شوێنانه که دابین کرابوو که ببێته بنکەی دەنگدان وەکو یەك نەبوو ئەوەش بۆ به هۆی که هەر بنکەیەك هەڵسنگاندنی جیاوازی هەبوو لەم کردارەدا. و ئەبێ تێبینی بکرێت که ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن بۆی نەبوو له هەڵبژاردنی

شوێنی دەنگدان کە کرا لەلایەن لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بەیارمەتی و ڕێدانی حکومەتەکانی ئەم وولاتانەی کە کردارەکەی تیادا کرا.

5-16 نهێنی دەنگەکان .

لەکۆتایدا , کرداری نهێنی دەنگەکان کەمترین هەڵسنکاندنی هەبوو لە نێوان هەموو نیشان کەرەکان بە ڕێژەی 4 پلە ( هەڵسنگاندنی "زۆر باش") . کە هەڵسنگاندنی 23 بنکە لە پلەی "باش" بوو یان کەمتر ( لەکاتێك کە هەڵسنگاندنی "خراپ" لە دوو بنکەدا هەبوو : سکارهۆلمەن لە سوید و واشنتن لە ئەمریکا) . چاودێرەکان چەند تێبینی یەکی تایبەت یان هەبوو بەرامبەر نهێنی دەنگەکان وەکو هەوڵدانی دەنگدان لە جیاتی , وفێرکردنی دەنگدەری نە خوێندەوار لە چۆنێتی دەنگدان (بەتایبەت ئافرەتان) , وپێشان دانی کرداری هەڵبژاردن بە شێوەیەکی بلاوکراو , وئامادە بوونی نوێنەرانی ڕاگەیاندن وەکو باسی کرا کە نهێنی دەنگدەران دەبەزێنێ لە کاتی دەنگدان . هەر وەکو تێبینی چاودێرەکان کە تۆماریان کرد لەوە ئەچێت کە ئەم خاڵەی کۆتایی کەباسمان کرد زۆر بلاوبوو و بوو بە هۆی چەند تەنگ وچەڵەمەیەك بە شێوەیەکی تایبەت.

6 . کرداری ژماردن (13 نیشان کەر) .
لە نێوان چوار هەنگاوەکانی کە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە چاودێری لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات هەڵسنگاندنی کرداری ژماردن بەرزترین پلەی هێنا . بەلام ئەم قۆناغە یەك لە قۆناغەکان بوو کە ڕاپۆرتی کەمی پێ نێردرا بۆ نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی لەگەڵ نەبونی هیچ چاودێری یەك لە فەرەنسا و ئەلمانیا و ئەردەن و سوریا و تورکیا و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لەگەڵ چاودێرێکی کەم لە ئوسترالیا (اوبورن و فیرفیلد و بریستون) وکەنەدا (نورت یورك و اوتاوا و سکاربورو) . ولەگەڵ ئەوەشدا , ئەتوانین بڵێین کە کرداری ژماردن بەباشی بەڕێوە چوو بە پێ ی یاساکانی کە دانرابوو.

هەڵسنگاندنی تایبەت بە کرداری ژماردن بریتی یە لە 13 نیشان کەری خوارەوە (داندراوە لە پلەی بەرز تا پلەی کەم ) :

1- دووبارە قفڵ کردنی سنوقەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی ڕاست دوای ژماردن.
2- ئیمزا کردن لەسەر نموونەکان /لیستەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 بە شێوەیەکی ڕاست لە لایەن چاودێری مێزەکە.
3- ژمارەی پێویست لە بەرپرسەکان بۆ بەرێوەبردنی کرداری ژماردن .
4- دڵنیابوون کە قفڵەکانی سنوقەکانی دەنگدان دەست کاری نەکراوە پێش دەست پێ کردن بە کرداری ژماردن.
5- رژێمێکی باش لە کاتی کرداری ژماردن .
6- بەراورد کردن لە نێوان ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردن کە بژێردراوە لەگەڵ دەنگەکانی کە دەنگی داوە .
7- ئامادە بوونی نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان وتوانای شاهێتی یان لە سەر کرداری ژماردن.

8- ئامادە کردنی بەرپرسەکانی شوێنەکانی ژماردن .

9-دابین کردنی ئاسایشێکی تەواو.

10- پەیرەوی کردنی فەرمایشتە تایبەتەکان بە شوێنەکانی ژماردن کاتی کرداری ژماردن .

11- ئامادە کردنی ڕاستەقینە بۆ شوێنەکانی ژماردن.

12- تێگەیشتنی یاساکان بۆ قایل بوون بە لاپەڕەکانی دەنگدان.

13- پیشان دانی فۆرمەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 بە چاودێرەکان و نوێنەری پارتی یە سیاسی یەکان.

ئەبێ تێبینی بکرێت کە هەموو بنکەکان لە ئوستراليا هەڵسنگاندنی "ئافەرین " بەدەست هێنا لە 13 نیشان کەرەکە هەر وەکو لە اوتاوا (کەنەدا) و روزمونت (ئەمریکا) . بەڵام , هەموو بنکەکان لە بریتانیا پلەی کەمتری هێنا و سکوکی و واشنتن لە ئەمریکا و سکارهولمەن و بروما لە سوید و کوبنهاگن لە دانیمارك و نورت یورك لە کەنەدا.

1-6 دووبارە قفڵ کردنی سنوقەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی ڕاست دوای ژماردن.

ئەم نیشان کەرە هەڵسنگاندنی "ئافەرین" ی هێنا بەدەست لە هەموو بنکەکان کە چاودێری کرا لەم بابەتەدا , ولێرە ئەگەینە ئەم ئەنجامە کە ئەم کارە کرا بەپێ ی ئەو راسپاردانەی کە بۆی داندرابوو لە هەموو بنکەکانی دەنگداندا.

2-6 ئیمزا کردن لەسەر نموونەکان /لیستەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 بە شێوەیەکی ڕاست لە لایەن چاودێری مێزەکە.

هەروەها هەموو بنکەکان پلەی "ئافەرین" ی هێنا لە کارەدا , کە چاودێری مێزەکان ئیمزایان کرد لەسەر لیستەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 هەروەکو لی یان داواکرابوو . وکردارەکا کرا بە پێ ی ئەو راسپاردانەی بۆی دانرابوو و هیچ بنکەیەك پلەی کەمتر لە "ئافەرین " ی نەهێنا .

3-6 ژمارەی پێویست لە بەرپرسەکان بۆ بەرێوەبردنی کرداری ژماردن .

لەوە ئەچێت کە ژمارەی بەرپرسەکان لە کرداری ژماردن تەواو بوو لە هەموو بنکەکانی کە چاودێری کرا , چونکە هەڵسنگاندنی کەمتر لە "ئافەرین" بوو لە 5 پلەکە . چاودێرەکان پلەی کەمتر یان تۆمارنەکرد تەنها لە کۆبنهاگن (دانیمارك) ولەندەن و مانشستەر (بریتانیا) و واشنتن لە (ئەمریکا) کە کەمترین پلە ی تۆمارکرابوو 4 خاڵ (کەدائەنرێت بە "زۆر باش") لەو سێ بنکەدا.

## 4-6 دڵنیابوون كه قفڵەكانی سنوقەكانی دەنگدان دەست كاری نەكراوە پێش دەست پێ كردن بە كرداری ژماردن.

هەموو بنكەكان هەڵسنكاندنی "ئافەرین" ی هێنا تەنها دوو بنكە ( واشنتن و سكۆكی لە ئەمریكا ) كە دیاری ئەكات كە دەست كاری قفڵەكان نەكرابوو پێش دەست پێ كردنی كرداری ژماردن . هیچ ڕوون كردنەوەیەك نەبوو بەرامبەر ئەم پلە كەمانەی لە واشنتن . سكوكی كەمترین پلەی هێنا لەم بەندەدا " خراپ " وكو چاودێرەكان باسیان كرد كە ژمارەی قفڵەكان بەدوای یەكدا نەبوو و هەروەكو ژمارەكان نەبوو كە تۆماركرابوو لە ڕۆژی پێشودا .

## 5-6 رژێمێكی باش لە كاتی كرداری ژماردن .

بەشێوەیەكی گشتی كرداری ژماردن بەڕێكی بە ڕێوە چوو . هەموو بنكەكان لە ئوستراليا و سوید هەڵسنگاندنی "ئافەرین" ی بەدەست هێنا بۆ رژێمی كە بە كار هێنرا لە كاتی كرداری ژماردن و هەروەها هەموو بنكەكان لە كەنەدا تەنها یەك بنكە (سكاربورو) و دانەیەكی تر لە ئەمریكا (واشنتن) .لەكاتێك لە كۆبنهاگن (دانیمارك) و هەموو بنكەكان لە بریتانیا (جلاسجو و لەندەن و مانشستەر ) 4 پلەی بەدەست هێنا ("زۆر باش " ) .

## 6-6 بەراورد كردن لە نێوان ژمارەی دەنگەكانی هەڵبژاردن كە بژێردراوە لەگەڵ دەنگەكانی كە دەنگی داوە .

هەموو بنكەكان لە ئوستراليا و كەنەدا و سوید پلەی "ئافەرین " ی بەدەست هێنا لەم بەندەدا لەكاتێكدا بنكەكانی تر پلەی زیاتر لە 4 ی هێنا ("زۆر باش") جگەلە لەندەن لە بریتانیا كە هەڵسنگاندنی "باش" بوو . هیچ تێبینی یەك پێش كەش نەكرا بۆ ڕوون كردنەوەی ئەم هەڵسنگاندنە .

## 7-6 ئامادە بوونی نوێنەری قەوارە سیاسی یەكان وتوانای شاهێتی یان لە سەر كرداری ژماردن.

هەموو بنكەكان لە ئوستراليا و كەنەدا و سوید پلەی "ئافەرین " ی بەدەست هێنا لە ئامادە بوونی قەوارە سیاسی یەكان لە كاتی كرداری ژماردن . و هەڵسنگاندنی كەمتر بەدەست هێنا بنكەی سكارهولمەن لە (سوید) و مانشستەر لە (بریتانیا) , وبلەكانی كەمتر لە واشنتن و سكوكی (ئەمریكا) هەر وەكو چاودێرەكان رایەنگەیاند كە هیچ یارمەتیەكی چاودێران نەئەكرا وهەروەها زانیاری یەكان بەئاسانی بەدەست نەئەكەوت و هەروەها كەل و پەلی دەنگدان.

## 8-6 ئامادە کردنی بەرپرسەکانی شوێنەکانی ژماردن .

بە شێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتەکان باسی کرد کە بەرپرسی شوێنی ژماردن ئامادە کرابوون بەباشی لە ئوستراليا و ئەمریکا کە پلەی "ئافەرین " یان هێنا لە زۆربەی بنکەکاندا لەم دوو وولاتە . و ژماری بەرپرسی شوێنی ژماردن پلەی کەمتری هێنا لە سکارهۆلمەن (سوید) و مانشستەر (بریتانیا) ودترویت و واشنتن (ئەمریکا) بەلآم هەڵسنگاندنیان لە پلەی "زۆر باش" بوو .

## 9-6 دابین کردنی ئاسایشێکی تەواو.

لەکاتی ژماردن , ئاسایش پلەی قایل بوونی بەدەست هێنا هەر وەها لە هەنگاوەکانی تر لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولآت . بەلآم ئاسایش نزیکی " ئافەرین " ی هێنا لە ئوستراليا و کەنەدا و سوید و دوو بنکە پلەی تۆزی کەمتر یان بەدەست هێنا لە مانشستەر (بریتانیا) و واشنتن (ئەمریکا) و هیچ تێبینی یەك نەبوو ئەمە ڕوون بکات .

## 10-6 پەیرەوی کردنی فەرمایشتە تایبەتەکان بە شوێنەکانی ژماردن کاتی کرداری ژماردن .

چوونەوە بە شوێنی ئەم فەرمایشتی یانەی تایبەت بە شوێنی ژماردن ئەکرا بە شێوەیەکی ڕێك لە ئوستراليا و هەموو بنکەکانی ئەمریکا تەنها لە سکۆکی و واشنتن . هەروەها لەندەن و مانشستەر لە بریتانیا پلەی کەم یان بەدەست هێنا لەم بەندەدا و هیچ ڕوون کردنەوەیەکی زیاتر پێشکەش نەکرا لەم بارەدا.

## 11-6 ئامادە کردنی ڕاستەقینە بۆ شوێنەکانی ژماردن.

بە شێوەیەکی گشتی چاودێرەکان هەڵسنکاندنێکی گەشبینی دا بە شوێنی تایبەت بە ژماردن , لەکاتێکدا کە ئوستراليا و بریتانیا پلەی "ئافەرین" یان بەدەست هێنا لەم بەندەدا . ولەکاتێك دا چەند بنکەیەکی تر هەڵسنگاندنی کەمتر یان بە دەست هێنا وەکو : نورت یۆرك و سکابورو (کەنەدا) و جوتنبرج (سوید) ودترویت و واشنتن (ئەمریکا) . کەمترین پلە "باش" لەبەشی کوبنهاگن (دانیمارك) بوو.

## 12-6 تێگەیشتنی یاساکان بۆ قایل بوون بە لاپەرەکانی دەنگدان.

تێگەیشتنی یاساکان بۆ قایل بوون بە لاپەرەکانی دەنگدان پلەی "ئافەرین"ی تۆمارکرد لە هەموو بنکەکانی ئوستراليا ولە ئوتاوا و سکاربورو (کەنەدا) و کۆبنهاگن (دانیمارك) و جوتنبرج (سوید) وجلاسجو و لەندەن (بریتانیا) و لوس ئەنجلوس و روزمونت (ئەمریکا) . تەنها یەك هەڵسنگاندی کەم هەبوو لە سکوکی (ئەمریکا) بە بێ هیچ ڕوون کردنەوەیەکی زیاتر.

13-6 پێشان دانی فۆرمەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 بە چاودێرەکان و نوێنەری پارتی یە سیاسی یەکان.

لەکۆتایدا , لە نێوان هەموو نیشان کەرەکانی هەڵسنگاندنی کرداری ژماردن , کرداری پێشان دانی لیستەکانی تایبەت بە ئەنجامەکان CO4 بە چاودێرەکان و نوێنەری پارتی یە سیاسی یەکان کەمترین پلەی بەدەست هێنا کە تێبینی کرا چەند تەنگ و چەڵەمەیەك رووی دا لە بنکەکانی نورت یۆرك (کەنەدا) و سکارهولمەن (سوید) و دترویت و سکوکی (ئەمریکا) کە دوانەکەی کۆتای پلەی " خراپ" یان هێنا . ولە سکوکی (ئەمریکا) چاودێرەکان تێبینی یان کرد کە دەست کەوتنی کەل وپەلی تایبەت بە دەنگدان زۆر بەنارەحەتی بەدەست ئەکەوت بە شێوەیەکی تایبەت.

7 . کۆتایی :

لەگەڵ ئەو بەرەنگاریانەی گەهاتە رێگامان لە بەشی یەکەم لەم راپۆرتەدا نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەڵسنگاندنی خۆی پێش کەش کرد لە 72 ٪ لەبنکەکانی بەشداری یان کردوە لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات کە وێنەیەکی تەواوەتی پێشکەش دەکات بە رێژەیەك بۆ زۆربەی لایەنەکانی بەرنامەو هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی . ئەنجامی گشتی ئەم هەڵسنگاندنە هەموو لایەنەکانی کە هەڵسنگێندرا پلەیەکی بەرزی بەدەست هێنا ولەو بڕوایە داین دامەزراوە بەشێوەیەکی باش بە شێوەیەکی تایبەت . هەڵسنگاندنی کەمیش نیشانە دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەندێك لە رووداوە دیاری کراوەکان و تەنیاکان .

کرداری تۆمارکردن بە شێوەیەکی رێك و پێك جیٚ بەجێ کرا هەتا رادەیەك و بەرێوە چوو لە بارودووخێکی ئاسایشدا بە ژمارەیەکی تەواوەتی لە فەرمانبەرانی مەشق پێ کراو کە کاردەکەن بەپێ یاسا و بێ لایەن گرتن , هەموو کەل وپەلەکان و چاپکراوەکان لەبەر دەستدا بوو بەشێوەیەکی تەواوەتی هەروەکو فۆرمەکانیش بەکارهێنانیان ئاسان بوو بەشێوەیەکی گشتی و ئامۆژگاریەکان بۆ دەنگدەران ڕوون کرابوو .هەندێك لە چاودێرەکان وا بینی یان ئەتوانین بەدەنگدەران ڕابگەینین شێوەی سەلماندنی کەسیتی تایبەت بە تۆمارکردن .

هەروەکو تێبینی کرا لەلایەن ژمارەیەك لە چاودێران کە دوو ماوەی جیاجیا بۆ تۆمارکردن و دەنگدان و شوێنە دورەکان کە پەیوەندی بە خەرجی هاتوچۆوە هەیە وای لە هەندی لە دەنگدەرانی عێراقی کرد کە بۆیان هەیە دەنگ بدەن نەتوانن بەشداری بکەن لە کرداری دەنگداندا. هەروەکو بڕیاری درەنگی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ رێ دان بە پاسەپۆرتی عێراقی کە ببێتە تەنیا ناسنامەی سەلماندنی کەسایەتی بۆ بە هۆی بەشداری نەکردنی هەندێ لە هاوڵاتیانی عێراقی کە ویستیان تۆماربکەن پێشتر لە مافی دەنگدان .

دوای کرداری تۆمارکردن یاسای لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ژمارە 10 بۆ ساڵی 2004 ماوەیەکی تایبەت پێشکەش کرد بۆ پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران لە پێناوی سەلماندنی کەسێتی دەنگدەر .ئەوەش بوو بە هۆی کە هیچ ماوەیەکی زیاتر داین بکرێت بۆ تۆمارکردن لە ماوەی دوو رۆژی زیاتر تەنها یەك رۆژ بۆ پێشاندانی لیستەکان .

زۆربەی بنکەکان پلەی بەرز یان بەدەست هێنا لەم چوار نیشانانەدا کە بەکار هێندرا بۆ هەڵسنگاندنی ئەم هەنگاوە . لەگەڵ ئەوەشدا , چەند بنکەیەك هەتا ڕادەیەك پلەی نزمیان بەدەست هێنا لەو چوار نیشانانەدا هەمووی , لێرەدا گرنگی زۆر درا بەو تەنگ وچەڵەمانەی کەپەیوەندی هەبوو بە نیشاندانی لیستەکانی دەنگدەران و ئەو تەنگ وچەڵەمانەی کە هاتە ڕێگای چاودێرەکان بۆ تاقی کردنەوەی.

هەڵسنگاندنی کرداری دەنگدان لەسەر بناغەی 16 نیشانەبوو کەهەموو پلەکان بەرز بوون تا ڕادەیەك لە بنکەکانی دەنگدان 53 کە ڕاپۆرتی لەسەر پێشکەش کرا بۆ نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .بەپێ ی ئەو ڕاپۆرتانە , کرداری دەنگدان جێ بەجێ کرا لە بارودووخێکی ڕێك وپێك هەتا ڕادەیەك لەگەڵ هەبوونی فەرمایشتەکانی یاسایشی تەواوەتی و ژمارەی تەواوەتی لە فەرمانبەرانی مەشق پێ کراو مەشقێکی باش .کەل وپەل و چاپکراوەکانی تایبەت بە کرداری دەنگدان لەژێردەستدا بوو بۆ هەموو دەنگدەران و هەموو ئاگاداری یەکانی تایبەت بە دەنگدان ڕوون کراوە بوو بۆ دەنگدەران و یارمەتی یان پێشکەش دەکرا لە کاتی پێویستدا.

کرداری سەلماندنی کەسێتی بە شێوەیەکی ئاسان بەڕێوە چوو کەپێویست بوو پسولەی تۆمارکردن و ناسنامەیەکی بە وێنە دەربخات , وباس نەکرا کە هیچ تەنگ وچەڵەمەیەك رووی دا لە کاتی ئیمزا کردنی دەنگدەران لە لیستەکاندا پێش وەرگرتنی لاپەرەکانی هەڵبژاردن . فەرمانبەرەکانی دەنگدان هەستان بەشێوەیەکی ڕاست لە بنکەکانی دەنگدان بە دڵنیابوون لەوەی کە دەنگدەران پەنجەیان مۆر کراوە ( ئەمەش ئەوە دەگێنی کە دەنگدەر دەنگی خۆی داوە) , هەروەکو باس کرا لەپێناوی دوور کەوتنەوە لە پیس بوونی لاپەرەکانی دەنگدان واباشتربوو کە پەنجە مۆر بکرێت پاش دەنگدانەکە .

قفڵەکانی سنوقی دەنگدان دابین کرا بوو لەهەموو بنکەکانی دەنگداندا بۆ دلنیابوون کە بەکارهێنانی ڕاست بۆ سنوقەکانی هەڵبژاردن ( یەك تەنگ و چەڵەمەیەك هەبوو لە کردارەدا ) . لاپەرەکانی دەنگدان نیشان کراو و نیشان نەکراو هەڵگیرا لە شوێنی تایبەت پێ ی , و هەموو دەنگەکان ژمێردرا .نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان توانیان چاودێری کردارەکە بکەن بە سەربەستی . هەر وەکو لەکاتی تۆمارکردندا بوو واباسکرا ئەو خۆشێ یەی لە چوار دەورەی هەڵبژاردنی دابوو بۆ بە هۆی چەند تەنگ و چەڵەمەیەك لە هەندێ کاتدا.

کرداری ژماردن کە هەڵسنگێندرا لە سەر بناغەی 13 نیشانە , ئەو هەنگاوەبوو کە بەرزترین پلەی بەدەست هێنا لە چاودێرەکانەوە لەبەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاتدا , بەڵام ئەو هەنگاوە بوو کە کەمترین داپۆشینی بەدەست هێنا .لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بنکەکان پلەی "ئافەرین "ی بەدەست هێنا لە هەموو لایەنەکانەوە ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەموو فەرمایشتەکانی تایبەت بە کرداری ژماردن بە ڕێوەچوو و ئەم کردارە شوێنی ڕەزامەندی بوو .
لەکۆتایدا , ئەنجامی هەڵسنگاندنی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی ئەوەیە کە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات جێ بەجێ کرا بە شێوەیەکی ڕێك وپێك لەهەموو هەنگاوەکانی دا , ولەوانەیە ببێتە تاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتوو بە شێوەیەکی گستی.و ئەبێت سوپاسی لیژنەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن کە هەستان بە ڕێك خستنی ئەم بەرنامەیە و جێ بە جێ کردنی بەم ئەنجامە باشانە.

## پاشکۆی ژمارە 1 – لیستەی بنکەکانی دەنگدان لە هەر شار و وولاّتیک

| وولاّت | شار | بنکەی دەنگدان | ژمارەی چاودێرەکان |
|---|---|---|---|
| ئوستراليا | مەلبورن | برودميدوز | 2 |
| | | نوبل بارك | 2 |
| | | بريستون | 2 |
| | | شيبارتون | 1 |
| | سيدنی | أوبورن | 3 |
| | | بلاكتاون | 1 |
| | | فير فيلد | 5 |
| | | ليفەرپول | 3 |
| | | راندويك تاون هۆل | 3 |
| كەنەدا | كالجاری | كالجاری | 2 |
| | اوتاوا | اوتاوا | 2 |
| | تورينتو | مسيسوجا | 4 |
| | | نورت يورك | 2 |
| | | سكاربورو | 3 |
| دانيمارك | كوبنهاجن | كوبنهاگن | 4 |
| فەرەنسا | باريس | باريس | 1 |
| ئەلمانيا | بەرلين | بەرلين | 0 |
| | كولون | باتزفيلر هوف | 2 |
| | مانهايم | مانهايم | 0 |
| | ميونيخ | ميونيخ | 1 |
| ئێران | ئەهواز | ئەهواز | 1 |
| | كرەمەنشاە | كەرەمەنشاە | 1 |
| | مەشهەد | مەشهەد | 1 |
| | اورامیا | اورامیا | 1 |
| | قوم | قوم | 1 |
| | تەهران | تەهران | 1 |
| ئەردەن | عەمان | ئەشرەفيە | 2 |
| | | الهاشمي الشمالي | 1 |
| | | الصويفيه | 1 |
| | | جبل الحسين | 3 |
| | | جبل النصر | 1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | خەلدا | 2 |
| | | صویلح | 2 |
| | | زەرقا | 1 |
| هولەندا | ئەمستردام | ئەمستردام | 0 |
| | روتردام | روتردام | 0 |
| | زول | زول | 0 |
| سوید | جوتنبیرج | جوتنبیرج | 4 |
| | ستوکهولم | بروما | 6 |
| | | سکارهولمن | 6 |
| سوریا | دمشق | دوما | 1 |
| | | جارمانا | 2 |
| | | مساکن برزه | 3 |
| | | مزه | 1 |
| | | رکن الدین | 1 |
| | | السیده زینەب | 3 |
| تورکیا | أنقەره | انقەره | 3 |
| | استەنبول | استەنبول | 0 |
| ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | ابو زەبی | ابو زەبی | 1 |
| | دوبەی | دوبەی | 0 |
| بەریتانیا | جلاسجو | جلاسجو | 3 |
| | لەندەن | لەندەن | 8 |
| | مانشستەر | مانشستەر | 8 |
| ئەمریکا | شیکاغو | روزمونت | 1 |
| | | سکوکی | 2 |
| | دیترویت | دیترویت | 4 |
| | لوس انجلوس | لوس انجلوس | 1 |
| | ناشفیل | بنکە 1 | 1 |
| | | بنکە 2 | 2 |
| | واشنتن | واشنتن | 6 |

## پاشکۆی ژمارە 2 – دەرخستن

*فۆرمی تۆمارکردن ودەنگدان تایبەت بەهەڵبژاردنی عێراقی لەدەرەوەی وولات*

**( بینوسە بە ڕوونی و مۆری رەش یان شین بەکار بهێنە )**

| | |
|---|---|
| وولات | |
| شار | |
| ناوی هەڵسنگر | |
| تۆمارکردن/ دەنگدان –شوێن | |

پلەی هەڵسنگاندن

| زۆر کەم | کەم | باش | زۆر باش | ئافەرین |
|---|---|---|---|---|
| **1** | **2** | **3** | **4** | **5** |

بەش **1**

**کرداری تۆمارکردن** هەڵسنگاندن لە **1**هەتا **5**

1. چاپ کەری تۆمارکردن بەشی کرد . ☐
2. زانیاری یەکانی تایبەت بە کرداری تۆمارکردن ڕوون بوو. ☐
3. ئامادەکردنی بنکەی تۆمارکردن بەشێوەیەکە ڕێك بوو . ☐
4. نموونە / بەکار هێنانی فۆرمەکانی پێش کەش کردن ئاسان بوو. ☐
5. دەنگدەران تێگەیشتوو بوون بە پێویستەکانی سەلماندنی کەسیتی دەنگدەر. ☐
6. ژمارەی بەرپرسی هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنی کرداری تۆمارکردن تەواوبوو. ☐
7. کرداری تۆمارکردن بەرێوەچوو بە بێ لایەنی ولە ژێر یاسا. ☐

8. پێش کەش کردنی ئاسایشێکی تەواو هەبوو.

40/

خالەکانی بەشی 1

**بەشی 2**

**تۆمارکردن – زانیاری گشتی**

**ژمارەی هاولاتیانی کە سەرکەوتن یان بەدەست هێنا لە تۆمارکردن ,بنووسە :**

**ژمارەی دەنگدەرانی ئەوانەی کە بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە ناوچەکەدا بنووسە , ئەگەر ئەزانیت :**

**ژمارەی پێش کەش کەرانی کە ڕێگەیان پێوەنەدران بۆ تۆمارکردن بنووسە , ئەگەر ئەزانیت :**

**بەشی 3**

**پێشاندانی لیسەی دەنگدەران** هەڵسنگاندن لە 1 هەتا 5

9. لیستەی دەنگدەران ئامادە بوو لەکاتی دیاری کراودا.

10. لیستەی دەنگدەران ئامادە بوو بۆ دەنگدەرانی کەداوایان کرد سەیری لیستەکە بکەن .

11. لیستەی دەنگدەران ئامادە بوو بۆ تاقی کردنەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ .

12. نهێنی لیستەی دەنگدەران ڕێزی لێ وەرئەگیرا لە هەمان کاتدا.

20/

کۆی خالەکانی بەشی 3

بەشی 4

دەنگدان

هەڵسنگاندن لە 1 هەتا 5

13. بڕی چابکەرانی دەنگدان بەشی کرد بە پیٚ ی پێویست .

14. ئامۆژکاریەکانی تایبەتە بە کرداری دەنگدان ڕوون کراوەو تەواوبوو.

15. ئامادە کردنی ویستکەی دەنگدان بە پیٚ ی پێویست بوو.

16. سنوقی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێك داخرابوو پێش کردنەوەی بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان.

17. پێشکەش کردنی دەنگدەران پسولەی تۆمارکردن و ناسنامەیەکی بە وێنە پێش وەرگرتنی لاپەرەکانی دەنگدان.

18. دڵنیابوونی بەرپرسەکانی دەنگدان لەوەی کە دەنگدەر پەنجەی مۆری پێوە نی یە پێش ڕێگادانی بەدەنگدان.

19.ئیمزا کردنی هەموو دەنگدەرەکان لەسەر لیستەی دەنگدەران .

20.ژمارەیەکی تەواوەتی هەبوو لەبەرپرسەکانی هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبردنی کرداری دەنگدان .

21.مۆر کردنی پەنجەی دەنگدەر بە مۆری دەنگدان پاش دەنگدان .

22. دابین کردنی ئاسایشی تەواوەتی .

23. هەموو لاپەرەکانی دەنگدان ژمێردرا.

24. لاپەرەکانی دەنگدانی نیشانە نەکراو هەڵگیرا لە شوێنیکی تەرخان کراو.

25. لاپەرەکانی دەنگدانی نیشان کراو هەڵگیرا لە شوێنیکی تەرخان کراو.

26. توانای دەنگدەران دەنگ بدەن بە شێوەیەکی تایبەتی و نهێنی .

27. پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ دەنگدەران لە کاتی پێویستدا .

28. ڕێ دان بە نوێنەرەکانی لایەنە سیاسی یەکان بۆ چاودێری کردن .

کۆی خالەکانی بەشی 4 | 80/

بەشی 5

**دەنگدان – زانیاری گشتی.**

کۆی ژمارەکانی دەنگدانی نێردراو بدە :

**ژمارەی پێش کەش کەرانی کە ڕێگەیان پێوەنەدران بۆ دەنگدان بنووسە , ئەگەر ئەزانیت :**

بەشی 6

**ژماردن**

29. دەست کاری نەکردنی قفڵکانی سنوقەکانی ژماردن پێش دەستکردن بە ژماردن .

30. ئامادە کردنی بەرپرسەکانی ژماردن لە شوێنەکانیان بە شێوەیەکی باش .

31. ژمارەیەکی تەواوەتی هەبوو لە بەرپرسەکانی ژماردن بۆ بەرێوە بردنی کردارەکە.

32. ئامادە کردنی ڕاستەقینە بۆ شوێنەکانی ژماردن بە شێوەیەکە تەواوەتی .

33. داین کردنی ئاسایش بەشێوەیەکی تەواوەتی .

34. بەدوا چوونی فەرمایشتەکان لە شوێنی ژماردن لە کاتی کردارەکەدا.

35. بەدوا چوونی ژماردن بەشێوەیەکی ڕێکخراو .

36. تێگەیشتنی یاساکان بۆ تەواوەتی دەنگەکان بە شێوەیەکی باش بوو .

37. ژمارەی دەنگەکان کە ژمارداوە وەکو دەنگەکانی کە دراوە .

38. توانای نوێنەرانی لایەنە سیاسی یەکان بۆ بینینی کرداری ژماردن .

39. ئیمزاکردن لەسەر فۆرمەکانی تایبەت بە ئەجامەکانی C04 بەسەر پەرشتی کردنی چاودێری مێزەکە.

40. پێشاندانی کۆپیەك لە نموونەکان / فۆرمەکانی تایبەت بە ئەنجامەکانی CO4 لەسەر چاودێرەکان و نوێنەرانی حیزبە سیاسی یەکان .

41. دووبارە داخستنی سنوقەکان بە قفڵەکان دوای ژماردن .

کۆی خالەکانی بەشی 6

/65

بەشی حەوتەم

تێبینی تر

سەیری ڕاپۆرتی پاشکۆ بکە

بەشی هەشتەم

هەڵسنگاندنی گشتی

بەشی ( **1،3،4،6** )

| |
|---|
| 205/ |

## پاشكۆی ژماره 3 – ڕاسپاردەكانی چاودێرەكان

*ڕاسپاردەی تەواوكردنی فۆرمی هەڵسنگاندنی*
*كرداری تۆماركردن و دەنگدان لە دەرەوەی عێراق*

هەڵسنگاندنی هەردوو كرداری تۆماركردن و دەنگدان لە دەرەوەی وولات پێك دێت لە دوو بەش . بەشی یەكەم پێك هاتووە لە تەواو كردنی فۆرمی هەڵسنگاندن بۆ هەردوو كرداری تۆماركردن و دەنگدان لە دەرەوەی وولات بەشی دووەم پێك هاتووە لە تەواو كردنی ڕاپۆرتی هەڵسنگاندن كە تێبینی ئەو كەسەی چاودێری ئەكات تیایە .

بەشی یەكەم
فۆرمی هەڵسنگاندن كرداری تۆماركردن و دەنگدان لە دەرەوەی وولات.

هەنگاوی 1

تەواو كردنی زانیاری یەكان لەسەرەوەی لاپەرەی یەكەم لەگەڵ ناوی وولات و شارەكەی كە بنكەی تۆماركردن و /دەنگدانی تێدایە و ناوت ونانیشان و شوێنی تۆماركردن / دەنگدان . ناوی ویستگەی دەنگدان بدە .

ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بەكار بێنە لەكاتی هەڵسنگاندنی هەر رستەیەك لە بەشەكانی ( 4،3،1).

پلەكانی هەڵسنگاندن

| زۆر كەم | كەم | باش | زۆر باش | ئافەرین |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

ئافەرین:
دڵنیابوون لە بەدواچونی ئامۆژگاریەكان بە شێوەیەكی تەواوەتی كە كارەكە بە شێوەیەكی ڕێك خراو بەرێوە دەچێت وەكو بۆی داندراوە .

زۆر باش:
دڵنیابوون لە بەدواچونی ئامۆژگاریەكان بە شێوەیەكی زیاتر لە پێویست بە شێوەیەكی ڕێك خراو بەرێوە دەچێت وەكو بۆی داندراوە .

باش:
دڵنیابوون له بەدواچونی ئامۆژگاریەكان به شێوەیەك كه جێ ڕەزامەندی بێت وەكو پێوست بێت .

كەم :
دڵنیابوون له بەدواچونی ئامۆژگاریەكان به شێوەیەك كه جێ ڕەزامەندی بی یه كه كارەكه بەڕێوه ناچیت وەكو بۆی داندراوه

زۆر كەم :
دڵنیابوون له بەدواچونی ئامۆژگاریەكان به شێوەیەكی رێكنەخراو و به شێوەیەكی زۆر خراپ ئەمەش ئەبێته بەرێوه نەچونی كارەكه وەكو بۆی داندراوه .

هەنگاوی 2

تەواوكردنی زانیاری یەكان له بەشی 2 و5 .

هەنگاوی 3

لیستەی كۆكراوەكانی لقی بەشی 1،3،4 وكۆیەكه بخەره ناو چوارگۆشەی هەیه له بەشی 7.

بەشی دووەم
## ڕاپۆرتی هەڵسنگاندنی تێر و تەسل .

هەنگاوی 1

دانانی خەرجی رۆژانه و تێبینی یەكانی كه پەیوەندی هەیه به بەرێوەبردنی هەردوو كرداری تۆماركردن و بەرێوەبردن .

هەنگاوی 2

هەستا به پێشكەش كردنی ڕاپۆرتیكی كورت كەباسی تێبینی یەكان بكات لەسەر ئەو كاره , ڕاپۆرتەكه ئەبێت باسی كردارەكانی كه سەركەوتوو بوه بكات و له كوێ توانای چاكردنەوه بۆ هەڵبژاردنی پاشه رۆژدا .